# ریفراندۆم... هۆکار و ڕەهەندەکانی



دکتۆر کەمال کەرکووکی*

تایبەت بۆ گوڵانی نوسیووە

لە ئێستادا مشتومڕێکی سیاسی و کەلتووری و کۆمەڵایەتی و ئابووری لە گۆڕەپانی کوردستاندا لە هەمبەر هۆکارەکانی ریفراندۆم، ڕەهەندەکانی، گرنگێتی و ئاسەوارەکانی بۆ سەر ئایندەی کوردستان لە ئارادایە، لە گەرمەی ئەو مشتومڕەشدا جا چ میللی لە سەر ئاستی هاووڵاتیان بێت، یان بژاردەی سیاسی لەسەر ئاستی حزبە سیاسییەکان و بژاردەی رۆشنبیریی لە هەرێم ، گفتوگۆیەکان دەسووڕێنەوە بە دەوری وردەکاری و شێوازەکانی ، لەجیاتی جەختکردنەوە لەسەر گەوهەر و گرنگیی بابەتەکە.

بێگومان بە دیدوبۆچوونی پارتە سیاسییەکان کە پەیوەستن بە دەستکەوتە حزبییەکان کاریگەرییان هەیە بۆ سەر هەوڵی دوورخستنەوەی بابەتەکە و دۆزینەوەی لق و پۆپ و گومان کە بە هیچ شێوەیەك ناچنەوە سەر بنەمای ناوەرۆکی بڕیارەکە و هۆکار و وردەکارییەکانی ئێستا و هەنگاو و دەرهاویشتەکانی لە ئایندەدا.

جا بۆ ئەوەی ئەو پرسە نەتەوەییە، کە پەیوەستە بە چارەنووسی گەل و نەتەوە و ئایندەی نەوەکانی داهاتوو بە هەموو ئەو پێکهاتە ئیتنی و نەتەوەیی و ئایینی و فیکرییانەی لەسەر خاکی کوردستان دەژین، دووربخەینەوە لە هەڵخلیسکان بەرەو ئاسۆیەکی تەسکی ململانێی حزبی، هەوڵدەدەین لەو وتارەدا بابەتەکە بۆ گەوهەری خۆی بگێڕینەوە، با بەشێوەیەکی پراکتیکی و بە هزرێکی سیاسی و کەلتووریی هۆشیار گفتوگۆبکەین بەوەی کە لەو پەرەسەندنانەی لە دەوری ئێمەدا دەگوزەرێن، جا چ لە کارلێکە ئیقلیمییەکان، یان پێوەندییە نێودەوڵەتییەکان یان لە نێو سیستەمی تازەی جیهانیدا.

یەکەم شت پێویستە بزانین و رێکبکەوین لەسەر ئەوەی کە ئەو ململانێیە حزبی و کێبڕکێ دیموکراسییەی نێو گۆڕەپانی سیاسیی کوردستان بریتییە لە نیشانەیەك لە نیشانەکانی دیموکراسیی چالاك لە هەرێمەکەماندا، سەرەڕای چەندین تێبینی کە خۆمان هەمانە دەربارەی ئەو رێگاو هۆکار و ئامرازانەی کە هەندێ لەو حزبانە دژی رکابەرەکانیان پەیڕەوی دەکەن، بەڵام بە باوەڕیی قووڵمان بە گرنگیی پرۆسەی دیموکراسی و گوێگرتن لە دەنگی هەمووان بەبێ پەراوێزخستن، یان لاگیریی بۆ هیچ رکابەرێکی سیاسی، ئێمە زۆر پێمان چاکە ئەو کارلێکە سیاسییە لە هەرێمدا بوونی هەبێت بەتایبەتیش کە دەرگای گفتوگۆ بەرامبەر هەمووان و لەگەڵ هەمووان تا ئێستاش هەر کراوەیە.

بەڵام ئەوەی کە پێویستە لەسەری رێکبکەوین ئەوەیە کە رکابەری و ململانێی حزبی کە لەنێو هەموو دیموکراسییە پێشکەوتوو و تازەکاندا هەیە شوێن و جێگەیان پەیوەستە بە هەڵبژاردن و خولە پەرلەمانییەکان و بەرنامە ئابووری و سیاسییەکان پەیوەست بە ژیانی گشتیی هاووڵاتییانەوە. بەڵام پێویستە ئەو ململانێیە سیاسییە دەربارەی دەسەڵات و هەڵبژاردن و حکومەت و یاساکان رانەکێشرێنە نێو بڕیارێکی چارەنووسسازی تایبەت بە گەل و نەتەوە.

هەروەها ئەمە بڕیارێکە پەیوەست نییە بە حزبێك، یان بەرنامەیەك، یان ئایدیۆلۆژییەتێکی دیاریکراوەوە، بەڵکو بڕیارێکە پەیوەستە بە گەلێکی تەواوەوە، ئێمەش وەك چینێکی سیاسی پێویستە رۆڵی خۆمان بە چاکترین شێوە ببینین بۆ بواردان و ئامادەسازیی زەمینەی یاسایی و سیاسیی پێویست بۆ گەلەکەمان تاکو مافی سروشتی و یاسایی خۆی پیادەبکات لە دەنگدان لەسەر چارەنووسیی خۆی: ئایا ئەو گەلەمان چی دەوێت؟ لە قۆناغی داهاتووشدا چ بە چاك دەزانێت؟

ئەمە بڕیاری گەلە، بە هیچ جۆرو شێوەیەك

ئایدیۆلۆژیەتی پارتی، یان هزری یەکێتیی، یان ئاراستەی گۆڕان، یان بیری یەکگرتوو و کۆمەڵ و هزری حزبی سوسیالیستی کوردستان، یان هەر حزبێکی کوردستانی دیکەی تێدا نییە، ئەمە بڕیارێکە لە سەرووی ململانێی حزبیمان و سەرووی کێشە ئابوورییەکانمانە، ریفراندۆم رای گەلی کوردستانە و ئەو هەنگاوەی کە لە قۆناخی مێژوویی داهاتوودا دەیهاوێژین.

ریفراندۆم پەیوەست نییە بە هیچ کاروبار و کێشە و تەحەددییاتی رۆژانەی ژیانەوە کە دەکەوێتە سەرشانی هەموومان وەك حزب و حکومەت و پەرلەمان کە پێویستە چارەسەری خێرای بۆ بدۆزینەوە لەپێناو سووککردنی باری سەرشانی هاووڵاتیمان، هەروەها هەموومان بەرپرسیارێتیی پشتیوانیکردن لە پێشمەرگەمان دەکەوێتە ئەستۆ لە پاراستنی سنوورەکانمان و پارێزگاریکردن لەو سەرکەوتن و دەستکەوتانەی لە هەموو بەرەکانی شەڕدا وەدەستیان هێناوە.

ریفراندۆم پیادەکردنی دیموکراسییە پێویستە رێگە بە گەلەمان بدەین پیادەی بکات، تا بە فەرمی و بە ئاشکرا بە هەموو جیهانی رابگەیەنێت لە ساڵی ٢٠١٦ بڕیاری کوردستان چی دەبێت؟ دیدگای ئەو بۆ دوای ئەم قۆناخە چی دەبێت؟

لەو پێناسە سادە و گەوهەرییەی ئەسڵی بیرۆکەی ریفراندۆمەوە پێویستە بزانین کە نابێ جێگەی ریفراندۆم هەموو ئەو ململانێ حزبییە و ئەو لێدوانە بریقەدار و دژایەتییە سیاسییانە بێت، بەڵکو جێگەی ئەو، هەڵبژاردنە شوێنی ئەو، رکابەرییە دەربارەی چۆنێتیی رووبەڕووبوونەوەی تەحەدییە ئابوورییەکان، هەروەها ئەو بیرە تازانە کە بتوانین خزمەتگوزارییەکان و چالاکیی حکومەت بۆ هاووڵاتیان پەرە پێ بدەین، دەبێ ئیدی تێکەڵکردنی کارت و بابەت و کێشەکان لەگەڵ یەکدی بەس بێت.

ریفراندۆم پرسێکی نەتەوەیی و میللیی چارەنووسسازە کە یەکەم هەنگاو بۆ ئایندەی درێژخایەن دادەنێت، دەرفەتێك بۆ گەلەکەمان لەوەتەی چەند سەدەیەکە نەهاتۆتەدی ، لێمانگەڕێن با ئەمە بەو کێشانە لەدەست نەدەین کە ناگەنە ئاستی گرنگی و گەوهەری ریفراندۆم پەیوەست بە یەکانگیری نەتەو و ماف و چارەنووس و ئایندەی نەوەکان. ئەمەش رێگە لەوە ناگرێت کە بەردەوام بین لە ململانێی حزبی لەسەر بەرنامەکانی هەڵبژاردن و راوبۆچوونی سیاسیمان و ئەوەی کە پێمانوایە بۆ گەلەکەمان چاکترە، بەڵام لێگەڕێن با بەرژەوەندییە حزبییەکانمان تێکەڵ بە پرسی چارەنووسسازی گەلەکەمان نەکەین، چونکە بە هیچ شێوەیەك مێژوو بەتایبەتی لەو هەڵوێستەمان نابوورێت.

**● هۆکارەکانی ئەنجامدانی ریفراندۆم**

ئەمە دەربارەی پێناسەی پرسی ریفراندۆم.. ئێستا دێینە سەر ئاشنابوون بە هۆکارەکانی ئەنجامدانی ریفراندۆم، هۆکارەکانی بڕیاری سەرۆك بارزانی، کە داوا لە هەمووان دەکات خۆتان بۆی ئامادەبکەن، کاتێ زیاتر لە ساڵێك لەمەوبەر چوو بۆ پەرلەمانی کوردستان و داوای لە ئەندامان کرد زەمینەی یاسایی بۆ ئامادەبکەن.

هۆکارەکان مێژوویین، هەروەها هۆکارەکان پراکتیکین و پەیوەستن بەو رووداوانەی عێراق و ناوچەکەو جیهان، لەخوارەوە بە کورتی باس لە هەر تەوەرێك لەو تەوەرانە دەکەین.

هۆکارەکانی پەیوەست بە هێڵە مێژووییەکان لە مەینەتی و کارەسات و قوربانییەکان کە بە رووی میللەتەکەمانەوە دیارن لە شێوەی شەهیدانی جینۆسایدەکان دژی فەیلییەکان، بارزانییەکان، یان ئێزیدییەکان، یان ئەوەی لە گەرمیان و بادینان روویان دا، هاوکات شەهیدانی کیمیاباران لەسەرتاسەری کوردستان بەتایبەتیش لە هەڵەبجە و بالیسان و ... ، یان کاتێ حکومەتە یەك لەدوای یەکەکانی عێراق خاکی ئێمەیان کردە تاقیگە بۆ پیادەکردنی هەموو شێوازێکی سەرکوتکردنی سیاسی و سەربازی، بە شێوەیەك هەموو حکومەتەکانی پێشوو یان ئەوانەی ئێستا چ پاشایەتی یان کۆماری یان دیکتاتۆری یان ئەوانەی دوای ساڵی ٢٠٠٣ هاتن دەستیان نەپاراست لە دووبارەکردنەوەی هەمان ئەو سیاسەتە سەرکوتکەرانە دژ بە میللەتەکەمان. ئێمە میراتێکی پڕلە خەبات و قوربانیمان هەیە، هەروەها پڕیەتی لەو هێرشانەی کە رووبەڕوومان بوونەتەوە لەوانە( ١٨٢٠٠٠ ) ئەنفالکراو کە تائێستا تەرمی پیرۆزیان لە گۆڕە بەکۆمەڵەکاندا دەدۆزینەوە، هاوکات میراتێکمان هەیە لە ٤٥٠٠ گوندی خاپوورکراو، کە ئێمە ئاوەدانمان کردوونەتەوە لەسەر کەلاوەی برینە قووڵەکانمانەوە هەر سووربووین لەسەر سەرکەوتن.

بەڵام هۆکارەکانی پەیوەست بە بارودۆخی ئێستا، یان پەیوەست بە گۆڕانکارییە ناوخۆییەکان لەسەر ئاستی عێراق و ئیقلیمی، یان رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و نێودەوڵەتی یا، لەسەر ئاستی سیستەمی تازەی جیهانی. با لە عێراقەوە دەست پێ بکەین، دەبینین کە حکومەت لەبەر ئەو قەیرانانە هەر بۆ پێشەوە رادەکات، بەتایبەتیش لە میانی ململانێی بێ چارەسەری سیاسیی و ئیدارەدانی ململانێیەکانی ناوخۆی شیعە و شیعە، سوننە و شیعە، سوننە و سوننە، بە شێوەیەکە گرێ کوێرەکان زیادبووە، بە شێوەیەك کە دەبینین شاری بەغدا خۆی خەریکە لە رووی سیاسی و جوگرافی و سەربازییەوە دەقلیشێتەوە، مەبەستمان لەو گرێکوێرانە تەنیا لە نێوان

ریفراندۆمی هەرێمی کوردستان هیچ ئاستەنگێکی ئیقلیمی، یان دەوڵەتی لەبەردەمدا نییە، بەداخەوە ئەو مشتومڕەی کە لەنێوان هەندێ لایەنی سیاسی لەئارادایە، زیاتر لەسەر بنەمای چەمکگەل و چوارچێوەگەلێکی کۆنە کە بۆ شەستەکان و حەفتاکانی سەدەی رابردوو دەگەڕێتەوە

ریفراندۆم بڕیارێکە پەیوەست نییە بە حزبێک، یان بەرنامەیەک، یان ئایدیۆلۆییەتێکی دیاریکراوەوە، بەڵکو بڕیارێکە پەیوەستە بە گەلێکی تەواوەوە، ئێمەش وەک چینێکی سیاسی پێویستە رۆڵی خۆمان بە چاکترین شێوە ببینین بۆ بواردان و ئامادەسازیی زەمینەی یاسایی و سیاسیی پێویست بۆ گەلەکەمان تاکو مافی سروشتی و یاسایی خۆی پیادەبکات

**ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆتە ناوچەیەکی تەخت و سنووررووخاو و پێکهاتە کۆنەکان، بۆیە پێویستە ڕێکخستن و قەوارەی تازە دروست بکرێن بە ئاسۆگەلێکی تازەوە هەرێمی کوردستانیش نزیکترین نموونەیە بۆ ئەوەی لەنێو ئەو سەردەمە تازەیەی سیستەمی جیهانی بێتەدی**

**لەسەر ئاستی ئیقلیمی و ناوخۆیی ئێمە بە قۆناغێکی هەڵکەوتوودا تێدەپەڕین کە هەموو هۆکارو لێکەوتەکان و بەرژەوەندی و گۆڕانکارییەکان بوونیان هەیە کە پێشتر لە هیچ قۆناغ و کاتێکدا بەو شێوەیە کۆنەبۆتەوە**

شیعەو سوننەدا نییە، بەڵکو مەبەستمان ململانێی شیعەو شیعەیە، کە بە ڕوونی و ئاشکرا دەردەکەوێت و کارەکە گەیشتە ئاستی دابەشبوون بۆ گروپ و حزب کە هیچ بریارێك بۆ ڕوونیی هەڵوێستەکە لە ئارادا نییە. بە شێوەیەك کە گەیشتە ئەو ئاستەی کە هەر حزبێك لە هەر پێکهاتەیەك ناوچەیەکی هەیەو خۆی بەڕێوەی دەبات، هەروەها خاڵی پشکنین و میلیشیای هەیە کە ناوچەکانی دەپارێزێت، دەستگاکانی دەوڵەت، یان سیستمێکی ئەمنیی تەواوی سەر بەدەوڵەت هیچ ڕۆڵێکیان نییە. بۆ نموونە ناوچەکانی بەغدا دابەشبوونە و لێك جیاوازن، شاری سەدر لە هەموو ڕوویەکەوە تەنانەت لە ڕووی ئەمنیشەوە خۆی بەڕێوەدەبات و میلیشیای خۆی هەیە، شاری کازمییەی شیعەکان ئەویش بە هەمان شێوە کە زۆریش لە هێڵی شاری سەدرەوە دوورە، ئەمە جگە لە ناوچە سوونەنشینەکان کە پشت بەخۆیان دەبەستن و بەدەگمەن پێوەندییان بە پارچەکانی دیکەی بەغداوە هەیە.

مەبەست لەو کورتە باسەی ڕەوشی پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی ناو بەغدای پایتەخت و باس نەکردنی تێکچوونی ڕەوشی ئابووری و سیاسی، دیارە بۆ دەرخستنی ئەوەیە کە چۆن ژێرخانی کۆمەڵایەتیی عێراق بەو شێوەیە دابەشبووە، یان پچڕاوە و ئەو ململانێیە قووڵە لە ئارادایە، پرسیارەکە لێرەدا ئەوەیە، ئایا ئێمە لەگەڵ کێ بەشداری حکومەت بکەین؟ کێ دەسەڵاتی بەسەر بڕیاری سیاسیی عێراقیدا هەیە تاکو لە حوکمڕانیدا بەشداریی لەگەڵدا بکەین؟ یان بگەینە ڕێککەوتنی سیاسی تا مافەکانی گەلمان پارێزراو بێت؟ ئەمە وێڕای خاڵێکی دیکەی بنەڕەتی ئەویش ئەو سیما گشتییە دووبارەیە لە زۆربەی، یان لە گشت ڕێککەوتنە سیاسییەکاندا کە لەگەڵ حکومەتەکانی بەغدا لەوەتەی ٢٠٠٣ وە تا ئێستاوە واژۆمان کردووە، کێ لەو حکومەتانە یان لەو سەرۆك وەزیرانەی ڕێککەوتنمان لەگەڵ کردوون ڕێزیان لە ئیمزای خۆیان گرتووە، یان لە چەمکی شەراکەت تێگەیشتوون؟ ئایا چەمکی شەراکەت بەواتای بڕینی مووچەی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستانە لەوەتەی ٢٠١٤وە؟ یان بە واتای جووڵەپێکردنی هێزەکانە بەرەو شارێکی کوردستانی و هەوڵدان بۆ هێنانەخوارەوەی ئاڵای کوردستان هەروەك لە دەوروبەری شاری خانەقین لە ساڵی ٢٠٠٨ ڕووی دا؟ یاخود بە واتای زێدەڕۆیی میلیشیاکانە کە بە یاساکانی دەوڵەت دامەزراون و پارەیەکی زۆری بۆ تەرخانکراوە بۆ سەر شارێکی کوردستانی وەك خورماتو و شەهیدکردنی ڕۆڵەکانی و پەلاماردانی خەڵکەکە و ماڵ و سامانیان لە ساڵی ٢٠١٦ ؟

## ● عێراق لەناو خۆیدا پارچەپارچە بووە و لە هێڵێکی دیاریکراویشدا ناوەستێت!

ناوچە شیعەنشین یان سوننەنشینەکان کە هەندێ لێکچوونی نەتەوەییان هەیە لە نێو خۆیان و بەسەر خۆیاندا لەت و پارچە دەبن، ئەدی ئێمە لە هەرێمی کوردستان کە لەوان جیاوازین لە ڕووی مێژوو و نەتەوە و دیدگای ئایندەیی و خواستەکان، تەنانەت لە ڕووی تێڕوانینمان بۆ ئایین و ئیتنییە جۆراوجۆرەکان، چۆن لەگەڵ ئەو پێکهاتە بگونجێین کە لەبنەڕەتدا هەڵوەشاوە، چ لۆژیکێك هەیە لەوەی خۆمان بەرەو توانەوە بچین بەو پرۆژەیەی کە نەك ئێستا، بەڵکو لەوەتەی سەد ساڵە شکستی هێناوە؟

هەرهۆکارێکی ناوخۆیی بانگمان بکات تاکو داوای بوار ڕەخساندن بکەین لەبەردەم گەلەکەمان تاکو مافی خۆی لە دیاریکردنی چارەنووسەکەی پیادەبکات لەمیانی ریفراندۆمێکی دیموکراسیی ئازادو ڕاستەوخۆدا، ئەویش ڕزگاربوونە لەو هەموو کێشە ئاڵۆزانە کە ئەگەر لەگەڵیاندا بمێنینەوە ئەوا ئاسەوارە خراپەکانیان فرێدەدرێنە سەر ئێمە و ئایندەی گەل و ئاسایش و سەقامگیریی ئەو گەلە، بۆیە ئێستا کاتی ئەوە هاتووە گەلەکەمان لە پەرتەوازەبوونی عێراق ڕزگاربکەین.

## ● هۆکارە ئیقلیمی و نێودەوڵەتییەکان

ئێستا با ڕووبکەینە هۆکارە ئیقلیمییەکان و ئەوانەی پەیوەستن بە سیستەمی تازەی نێودەوڵەتی بۆیە هەندێ خاڵی کورت دەربارەی هەردوو تەوەر بەیەکەوە ڕوون دەکەینەوە: ریفراندۆمی هەرێمی کوردستان هیچ ئاستەنگێکی ئیقلیمی، یان دەوڵەتی لەبەردەمدا نییە، بەداخەوە ئەو مشتومڕەی کە لەنێوان هەندێ لایەنی سیاسی لەئارادایە، زیاتر لەسەر بنەمای چەمکگەل و چوارچێوەگەلێکی کۆنە کە بۆ شەستەکان و حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو دەگەڕێتەوە.

هەندێ دەڵێن بە ڕاستی دەوڵەتانی وەك ئێران و تورکیا بەڕووی ئەو ریفراندۆمە دەوەستنەوە، یان کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ئەنجامەکان ڕەتدەکاتەوە، یان فشاردەکات بۆ ئەوەی دوابکەوێت، هەروەها چۆن هەرێمی کوردستان لە ڕووی جوگرافییەوە داخراوە و چەندین شێوازی دیکەی داڕێژراو کە تەنیا پاساوی بێ بنەمان بۆ دابەزاندنی وره و لادان لەو بڕیارە چارەنووسسازە لە میانی تۆقاندن و ترساندن و بەلاڕێدابردنی ڕاستییەکان. ئێران دەوڵەتێکە قووڵایی ستراتیژی و شارستانیی هەیە و دەوڵەتێکی دراوسێیە و گەلەکەی خاوەن شارستانییەکی پتر لە ٣٠٠٠ ساڵە، بە تەواویش دەرك بە گرنگیی هاتنە ناوەوە دەکات بە هەموو قورساییەکی

شارستانی و مێژوویی و توانا ئابوورییەکانی و بە بازاڕەکانی پەرۆشی یانەی جیهانییە، ئەو ڕێککەوتنامە ناوەکییەش تەنیا هەنگاوێك بوو بەو ئاراستەیە کە حکومەتی ئێران بە هەنگاوی ڕێکوپێکەوە ڕووی تێکردووە، لە گرنگترین بنەماکانی گەیشتن بە هاتنە نێو کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لە سەدەی بیست و یەکدا ڕێزگرتنە لە مافی مرۆڤ و یاسا و بڕیارەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و کرانەوەی ناوخۆ بەسەر پێکهاتە جیاوازەکاندا.

لێرەدا ریفراندۆمی گەلی کوردستان وەك یەکێك لە پیادەکردنە دیموکراسییەکان دێت کە گەلان ئەنجامی دەدەن و بۆتە سیمایەك لە سیماکانی ڕاستەوخۆی دیموکراسی لە سەدەی بیست و یەکدا، ئەویش لەمیانی ئەو ریفراندۆمانەی کە لە ئیسکۆتلەندا – بەریتانیا و کاتەلۆنیا و ئسیپانیا بەڕێوەچوون.

واتا ئێران ناتوانێت هەروەها لە بەرژەوەندیدا نییە و لە چوارچێوەی ستراتیژییەتی درێژخایەنیشیدا نییە بە ڕووی ئەو ریفراندۆمە بوەستێتەوە کە هەرێمی کوردستان لەناو سنووری خۆیدا ئەنجامی دەدات، هەرێمی کوردستانیش چەندین ڕێکەوتنی ئابووری و ستراتیژیی سەرکەوتووی لەگەڵ ئەو دەوڵەتە دراوسێیە بەدەست هێناوە، ئێمەش لەئێستادا خەریکی پەرەپێدانی ئەو ڕێککەوتنە ئابوورییانەین بە شێوەیەکی باڵاتر، وێڕای ئەمانە، بەرژەوەندییە باڵاوەکانی ئێران لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا و بەتایبەتی لە سووریا ئەولەوییەتێکی قووڵی ئێران پێکدەهێنێت.

بەڵام ئەوەی زۆر مایەی سەرسامییە لە هەندێ لایەنی ناو حزبە کوردستانییەکان، ئەوەیە کە لەجیاتی سیاسەتی ئێران لە باسکردنی هەڵوێستی ئەو دەوڵەتە قسەدەکەن، ڕوویان لە گوتارێکی قەبەئامێز کردووە، بەداخەوە هەندێ لەو هەڵوێستە سیاسییە مەترسییە ئامێزە قەڵپە دێتە بەرچاو کە خزمەتی بەرژەوەندیی تەسکی حزبی و کاتی دەکات و بەڕاستی گوزارشت لە واقیعی تازەی ئیقلمی ناکات.

بەڵام سەبارەت بە پێوەندییەکانی کوردستان لەگەڵ تورکیادا، ئەوە گەورەترین نموونەیە دەربارەی چۆنێتیی گۆڕینی سیستەمی جیهانی بەوەی پشت بە ستراتیژییەتی ئابووری و ستراتیژییەتی ڕێڕەوی وزە و هێڵەکانی و بەیەکەوە گرێدان دەبەستێت لەجیاتی ستراتیژیەتی هێزە سەربازییەکان و دەوڵەتانی بچووك و گەورە پرۆسەی هێنانەکایەی هاوکێشەکردنی نێودەوڵەتی.

سیستەمی جیهانی ڕووەو سیستەمێکە کە پشت بە بەیەکەوەبەستنەوەی ئاسۆیی دەبەستێت کە زیاتر دەکەوێتە سەر تێکەڵبوونی ئابووری و هێڵەکانی گواستنەوە لەجیاتی بەیەکەوە بەستنەوەی شاقولی کە زیاتر پشت بە دەسەڵات و هەژموون دەبەستێت. بۆیە ریفراندۆمی گەلی کوردستان هەنگاوێکی گرنگ و گەوهەرییە لە پێکهاتەی ئەو سیستەمە تازەیەی جیهان لە چوارچێوە بچووکەکەی لەسەر ئاستی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا.

ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆتە ناوچەیەکی تەخت و سنووررووخاو و پێکهاتە کۆنەکان، بۆیە پێویستە ڕێکخستن و قەوارەی تازە دروست بکرێن بە ئاسۆگەلێکی تازەو هەرێمی کوردستانیش نزیکترین نموونەیە بۆ ئەوەی لەنێو ئەو سەردەمە تازەیەی سیستەمی جیهانی بێتەدی.

بەڵام لەسەر ئاستی ئیقلیمی و ناوخۆیی ئێمە بە قۆناخێکی هەڵکەوتوودا تێدەپەڕین کە هەموو هۆکار و لێکەوتەکان و بەرژەوەندی و گۆڕانکارییەکان بوونیان هەیە کە پێشتر لە هیچ قۆناغ و کاتێکدا بەو شێوەیە کۆنەبۆتەوە، بۆیە هەروەك سەرۆك بارزانی لە خوێندنەوەیەکی ورد و واقیعییانەی نەخشەی ئیقلیمی و نێودەوڵەتی دووپاتی کردۆتەوە کە باشترین کات بۆ ئەنجامدانی ریفراندۆم ئەم ساڵە و ڕێك لە مانگی تشرینی یەکەمدا، چونکە هەڵبژاردنەکانی ئەمریکا لەئارادایە و هەموو هێزە ئیقلیمی و نێودەوڵەتییەکانیش هەوڵدەدەن ڕاستیی تازە و گریمانەی تازە دابڕێژن بۆ ئەوەی دەست بە وتووێژ و لێکگەیشتن بکرێت لە ساڵی ٢٠١٧دا. بۆیە دەڵێین بڕیارەکە بڕیاری میللەتە، ئایا دەمانەوێت ئەو هەڵەو ستەمە مێژووییە دووبارە بکەینەوە کە بەر لە سەد ساڵ زلهێزەکان بەسەریان هێنایین، کاتێ چارەنووسی ئێمە خرایە بەر بەرژەوەندیی ئەو هێزانە و گەیشتینە ئەو کارەسات و قوربانییانەی کە لە مێژوودا بەسەرماندا هات، یان دەمانەوێت خۆمان بۆ ئەو دەرفەتە ڕەخساوە ئامادە بکەین کە بە خوێنی شەهیدانی سەربەرز هاتۆتەدی، هەروەها بە دەنگێکی بەرز بێ هیچ گومانێك دیدگا و بڕیاری چارەنووسسازی خۆمان بەم هەنگاوە بۆ دنیا ڕوون بکەینەوە، تاکو ئێمە ببینە خاوەن چارەنووسی خۆمان و ئەو ریفراندۆمە ئازادە سەربخەین و قۆناخێکی تازە لەسەر بنەمای دروست و ڕوون بەرەو ئایندەیەك دەست پێ بکەین کە نەوەکانی داهاتوومان شانازی پێوەبکەن و لە سێبەریدا بحەسێنەوە.

---

* بەرپرسی هێزەکانی پشێمەرگە- میحوەری پێنجەم( باکوورو ڕۆژئاوای کەرکوك)، ئەندامی مەکتەبی سیاسی و بەرپرسی پەیوەندییەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان، سەرۆکی پێشووی پەرلەمانی کوردستان

**ئەوەی زۆر مایەی سەرسامییە لە هەندێ لایەنی ناو حزبە کوردستانییەکان، ئەوەیە کە لەجیاتی سیاسەتی ئێران لە باسکردنی هەڵوێستی ئەو دەوڵەتە قسەدەکەن، ڕوویان لە گوتارێکی قەبەئامێز کردووە، بەداخەوە هەندێ لەو هەڵوێستە سیاسییە مەترسییە ئامێزە قەڵپە دێتە بەرچاو کە خزمەتی بەرژەوەندیی تەسکی حزبی دەکات**

**ناوچە شیعەنشین، یان سوننەنشینەکان کە هەندێ لێکچوونی نەتەوەییان هەیە لەنێو خۆیان و بەسەر خۆیاندا لەت و پارچە دەبن، ئەدی ئێمە لە هەرێمی کوردستان کە لەوان جیاوازین لە ڕووی مێژوو و نەتەوە و دیدگای ئایندەیی و خواستەکان، تەنانەت لە ڕووی تێڕوانینمان بۆ ئایین و ئیتنییە جۆراوجۆرەکان، چۆن لەگەڵ ئەو پێکهاتە بگونجێین کە لەبنەڕەتدا هەڵوەشاوە؟**

### سەردەمی سەیرکردنی کورد بە کۆیلە بەسەرچوو

# کاتی ڕاگەیاندنی دەوڵەتی کوردستانە


د.محەمەد ساڵح جومعە

بە درێژایی مێژوو کورد هیچ کاتێك بارودۆخی گرینگ و هەستیاری هاوشێوەی ئێستای بۆ هەڵنەکەوتووە. کورد لە پێنج هەزار ساڵ پێش ئێستاوە هەموو کات بەرخودانی کردووە. شاری هەولێر کە تەمەنی ٥٠٠٠ ساڵە هەر لە سەردەمی سۆمەرییەکانەوە شار بووە و ئێستا بۆتە پایتەختی کوردستان، دیارە تەنیا دوو شاری زۆر دێرین لە جیهاندا هەیە کە تەمەنیان لە سەرووی ٥٠٠٠ ساڵ بێت، ئەویش یەکێکیان هەولێرە و ئەوی دیکەیان شامە، بە درێژایی ئەم مێژووەش میللەتی کورد بەرخودانی کردووە و دوژمنانی کوردستانیش هەوڵیانداوە ئێمە سەرکوت بکەن.

کوردستان لە دوای شەڕی چاڵدیران لە نێوان ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و ئێرانی شاهەنشاهی کرا بە دوو پارچە، ئەم دابەشکردنە لە ڕێککەوتنی ساڵی ١٦٣٩ لە نێوان هەردوولادا دابەشکرا، خەباتی کورد هەتا جەنگی یەکەمی جیهان بۆ ئەوە بووە کوردستان بکاتەوە بە یەك پارچە، بەڵام لە چوارچێوەی ڕێککەوتنی سایکس پیکۆ جارێکی دیکە دابەشکرایەوە.

لەدوای جەنگی یەکەمی جیهان و لە چوارچێوەی پەیماننامەی سیڤەر لە ساڵی ١٩٢٠ لە بەندەکانی ٦٢ و ٦٣ و ٦٤ دا، بڕیار لەسەر ئەوە درا کە دەوڵەتی کوردستان دابمەزرێت، بەڵام لە ساڵی ١٩٢٣ لە پەیماننامەی لۆزاندا، ئەم ئومیدەی کورد لەبار برا و کوردستان لە دەوڵەت بێبەش کرا.

لێرەوە گرینگە ئەو ڕاستییە هەموو کات لەبەرچاوبگرین کە بە درێژایی مێژووی دابەشکردنی



کوردستان، نەك هەر مافی ئێمە وەك نەتەوەیەك پێشێلکراوە، بەڵکو مافی مرۆییشیان پێ ڕەوا نەبینیوین. ئەگەر سەرنج لە مێژووی ئەم ١٠٠ ساڵەی رابردوو بدەین، دەبینین دوای کۆتاییهاتنی جەنگی یەکەمی جیهانی، عەرەبەکان بوون بە خاوەنی دەوڵەتی خۆیان، دوو بەشی کوردستان کە لە ژێر دەستی هەردوو دەوڵەتی سووریا و عێراق بووە، ئەوان نەك هەر مامەڵەی کۆلۆنیاڵییان نەکردووە، وەك ئەوەی فەرەنسا و بەریتانیا و ئیسپانیا و پورتوگال لەگەڵ کۆلۆنیالییەکانی خۆیان کردوویانە، بەڵکو هەردوو دەوڵەتی عێراق و سووریا وەك دڕندە مامەڵەیان لەگەڵ کورد کردووە، هەتا گەیشتە ئەوەی لە سەردەمی رژێمی بەعس و سەدام حوسێندا، کیمیاباران کراین و لە پرۆسەی ئەنفالدا کۆمەڵکوژیان کردین. دیارە لە دوو بەشەکەی دیکەش هەردوو دەوڵەتی ئێران و تورکیا لە سەر هەمان ریتمی چەوساندنەوە و کۆمەڵکوژیی کورد بەردەوام بوون، بەڵام لەبەر ئەوەی بە درێژایی ئەم مێژووە کورد بەردەوام بووە لە خەبات و بەرخودان و قوربانیدان توانیویەتی وەك نەتەوەیەکی زیندوو بمێنێتەوە. ئەوەی وایکرد میللەتی ئێمە بە زیندوویی بمێنێتەوە، بۆ دوو فاکتەری گرینگ دەگەڕێتەوە، یەکەمیان: چیاکانی کوردستان بوو، دووەمیان: لێهاتوویی ژنی کوردستان بوو، لێرەدا بە گرینگی دەزانم، راشکاوانە ئەوە بڵێم، زۆر لە میللەتانی هاوشێوەی کورد، خاوەنی مێژووی هەزار ساڵەش بوون و نەمان و کۆتاییان هات، بەڵام کورد بە هۆی بوونی چیاکانی و لێهاتوویی ژنی کورد توانی بمێنێتەوە، داگیرکەرانی کوردستان

**راستە دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان خواست و ئامانجی هەر تاکێکی کورد و کوردستانییە، بەڵام لەبەر ئەوەی لەگەڵ بەها و نۆرمەکانی رۆژئاوا یەکدەگرێتەوە، دامەزراندنی ئەم دەوڵەتە بۆتە خواستی ئەوانیش، کەواتە دەوڵەتی کوردستان کە ئێستا بۆتە خواستی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی هیچ کەسێک ناتوانێت ئاستەنگی بۆ دروست بکات**

**ئەو نەخشەیەی ئێستا کوردستان لە سایەی سیاسەتی حەکیمانەی سەرۆک بارزانی لەسەری دەڕوات، بریتییە لە پیادەکردنی دیموکراتی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باوەڕبوون بە لێبووردەیی و پێکەوەژیانی نێوان نەتەوە و ئایینە جیاوازەکان، لە بەرامبەردا، ئەوانەی دژی دەوڵەتی کوردستانن هەر یەکەیان بە شێوەیەک دەیانەوێت مێژوو بۆ دواوە بگێڕنەوە**

توانییان هەموو شێوازێکی دڕندانە بۆ سەرکوتکردنی کورد تاقی بکەنەوە، بەڵام نەیانتوانی کوردبوون و کوردایەتی لە ناخی ژنی کوردا بسڕنەوە، بۆیە فاکتەری هەرە گرینگ دوای چیاکانی کوردستان بۆ مانەوەی کورد وەك نەتەوەیەکی زیندوو، لێهاتوویی و قارەمانی ژنی کوردە، کە پارێزگاری لە کوردبوون و کوردایەتی کردووە.

خەباتی ئێمە بۆ رزگاری، ماوەی ٢٥٠٠ ساڵ لەگەڵ ئێرانی شاهەنشاهی و ٦٠٠ ساڵ لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانی و لە دوای شەڕی یەکەمی جیهانیشەوە ئەوە ١٠٠ ساڵە خەبات بۆ سەربەخۆیی بەردەوامە، ئێستا کاتی یادی سەد ساڵەی سایکس پیکۆ دەکەینەوە، سایکس پیکۆ کۆتایی هاتووە، بەڵام بۆ ساتێکیش خەباتی ئێمە بۆ سەربەخۆیی رانەوەستا. لێرەشدا کە دەڵێم سایکس پیکۆ کۆتایی هات، مەبەستم ئەوە نییە کە دوای تێپەڕبوونی ١٠٠ ساڵ ئەم رێککەوتنە کۆتایی هاتووە، بەڵکو مەبەستم ئەوەیە بڵێم لە ساڵی ٢٠١٤ کاتێك تیرۆریستانی داعش موسڵیان داگیرکرد و خەلافەتی ئیسلامییان لە عێراق و شام راگەیاند، سایکس پیکۆ کۆتایی هاتووە، دیارە ئەم تیرۆریستانەش هەر بەتەنیا دژی کورد، یان عەرەب، یان فارس و تورك نین، بەڵکو دژی تەواوی مرۆڤایەتی و شارستانیەتی جیهانن، هەر لەسەر ئەم بنەمایەشە هاوپەیمانی نێودەوڵەتی پشتگیری کوردستان و هێزی پێشمەرگە لە شەڕی دژی تیرۆریستانی داعش دەکات.

## ● سیاسەتی پارتی دیموکراتی کوردستان درێژەپێدەری تەواوی شۆڕشەکانی کوردستانە

ئاشکرایە سیاسەتی پارتی دیموکراتی کوردستان بەرەو ئاراستەی سەربەخۆیی و سەرفرازی کوردستانە، ئەم سیاسەتەی پارتی درێژەپێدەری هەموو شۆڕشەکانی کوردستانە هەر لە شێخ عوبیدوڵای نەهرەی-یەوە بۆ شێخ عەبدولسەلام بارزانی و بۆ شێخ سەعیدی پیران و شێخ مەحمودی حەفید و قازی محەمەد و مستەفا بارزانیی، خەبات و بەرخودانی هەموو ئەم شۆڕشانە بۆ یەك ئامانج بووە، ئەویش ئەوە بووە کە کورد لە کۆیلایەتی و ژێردەستەیی رزگار بکەن، لەناو ئەم پرۆسەی خەبات و قوربانیدانەدا، کاتێك لە ساڵی ١٩٤٦ پارتی دیموکراتی کوردستان لەسەر دەستی جەنابی بارزانی نەمر دامەزرا، بووە رۆشنایییەکی تازە بۆ شێوازی خەباتێکی نوێ لە ناو بزاڤی رزگاریخوازی کوردستاندا، ئەم وەرچەرخانە نوێیە لە شێوازی خەباتی نەتەوەیی، بۆ یەکەمجار بوو لە ناو مێژووی بزاڤی رزگاریخوازی کوردستان و تەواوی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا لە سەردەستی پارتی و لە ژێر سایەی رێبازی بارزانیی نەمر هاتە ئاراوە.

رێبازی بارزانی بووە سەرەتای رۆشنگەری شۆڕشگێڕی و کۆتایی بە دوژمنایەتی نێوان گەل و نەتەوەکان هێنا و، دروشمی برایەتی لەگەڵ نەتەوەکانی عەرەب و تورك و فارس بەرزکردەوە، بە دەنگی بەرز بە هەموو نەتەوەکانی راگەیاند، نەتەوەی کورد دۆستی ئێوەیە، هەر بۆیە ئەم شێوازە تازەیەی خەبات ئێمەی فێرکرد لەسەر بناخەی دۆستایەتی و مرۆڤایەتی بە رێچکەیەکی تازە درێژە بە خەبات و قوربانیدان بدەین، فێری کردین دۆست بۆ کورد و شۆڕشەکەی زیاد بکەین و دوژمنەکانی کەم بکەینەوە. دیارە ئەو بنەمایەی کە رێبازی بارزانی چەمکی برایەتی و دۆستایەتی لەسەر بونیادناوە، لەو روانگەیەوە سەرچاوەی گرتووە، کاتێك ئێمە وەکو کورد داوای مافی خۆمان دەکەین لەسەر حیسابی نەتەوەکانی فارس و تورك و عەرەب نییە، بەڵکو داوای ئێمەی کورد بۆ سەربەخۆیی و مافی چارەنووس، مافێکی سروشتییە وەك هەر نەتەوەیەکی دیکەی ئەم جیهانە، بۆیە ئێمە نامانەوێت باڵادەست بین بەسەر نەتەوەکانی دیکەدا، بەڵکو هەموو ئامانجمان ئەوەیە کوردیش هاوشانی نەتەوەکانی دیکە بە مافی خۆی بگات و پێکەوە بە ئاشتی و برایەتی و پێکەوەژیان هاوکاری یەکتری بکەین، بەڵام بەداخەوە بە درێژایی مێژوو ئەوان بەو تێگەیشتنە و بەو چاوە سەیری نەتەوەی کوردیان نەکردووە و ئەو مافە سروشتییەی خۆمانیان پێ رەوا نەبینیوین، بەڵام سیاسەتی حەکیمانەی سەرۆك بارزانی لە سەر درێژەپێدان و خەباتی ئاشتییانە بۆ گەیشتن بە ئامانجی سەربەخۆیی بەردەوامەوە و هەروەك خۆیشی لە چەندین بۆنەدا جەختی لەسەر کردۆتەوە، بەوەی ئێمە دەمانەوێت بە شێوازێکی ئاشتییانە و لە میانەی دیالۆگ و لێکتێگەیشتن هەنگاو بەرەو سەربەخۆیی ودەوڵەتی کوردستان هەڵبگرین.

## ● ئەو قۆناخانەی وەرچەرخانیان لە بزاڤی رزگاریخوازی کوردستان دروستکردووە

ئەگەر مێژووی نەتەوەکانی جیهان بخوێنینەوە، دەبینین هەموو شۆڕشێك لە قۆناخێکی مێژوویی دیاریکراودا وەرچەرخانی گەورە بەخۆیەوە دەبینێت. لە ساڵی ١٩٥٨ کاتێك رژێمی پادشایەتی عێراق

رووخا و عەبدولکەریم قاسم هاتە دەسەڵات، وەرچەرخانێکی تازە هاتەئاراوە بەرامبەر بە شۆڕشی کوردستان، لایەنی کورد پێشوازی لە هەنگاوەکانی قاسم کرد، بەڵام پاش ماوەیەك قاسم پەشیمان بووەوە و شەڕی لە دژی کوردستان دەستپێکردەوە، بەمەش شۆڕشی مەزنی ئەیلوول دەستی پێکرد.

شۆڕشی ئەیلوول لە ماوەی ١٤ ساڵی خەباتی بێوچاندا گەورەترین پێشکەوتنی لە رەوتی خەباتی رزگاریخوازی کوردستاندا دروستکرد، توانی رێککەوتنامەی ئۆتۆنومی لە ساڵی ١٩٧٠ لەگەڵ حکومەتی عێراق ئیمزا بکات، بەڵام بەعس لە ساڵی ١٩٧٤ پەشێمان بووە و شەڕ لە نێوان شۆڕش و رژێمی عێراق دەستی پێکردەوە و لە ساڵی ١٩٧٥ بە پیلانێکی نێودەوڵەتی شۆڕش سەرنەکەوت و نسکۆی بەسەردا هات.

لە ساڵی ١٩٧٦ شۆڕشی گوڵان وەك درێژەپێدەری شۆڕشی ئەیلوول هەڵگیرسایەوە، ئەم شۆڕشە لە ماوەی ١٥ ساڵدا وێڕای کارەساتی کیمیاباران و ئەنفال کە دژی میللەتەکەمان پیادەکرا، لە ساڵی ١٩٩١ و لە میانەی راپەڕینە جەماوەرییەکەی گەلی کوردستان سەرکەوت و ئەم سەرکەوتنە بووە گەورەترین وەرچەرخان لە بزاڤی رزگاریخوازی کوردستان و بۆ یەکەمین جار لەلایەن ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتییەوە نەوای ئارام بۆ کوردستان دروستکرا، ئەمەش مانای ئەوە بوو کە کێشەی کورد لە ژێر دەستی هەر چوار دەوڵەتی تورکیا و ئێران و عێراق و سووریا هاتە دەرەوە و پارێزگاری نێودەوڵەتی بۆ دابینکرا، لە ژێر سایەی ئەم پارێزگارییە نێودەوڵەتییە کورد هەنگاوی گرینگی هەڵگرت، هەڵبژاردنی ئەنجامدا و حکومەت و پەرلەمانی دامەزراند، پاشانیش پەرلەمانی کوردستان بڕیاری فیدراڵییەتی چەسپاند.

لە ساڵی ٢٠٠٣ و دوای رووخانی رژێمی بەعس و سەدام لەلایەن هاوپەیمانی نێودەوڵەتییەوە، قۆناخێکی دیکەی تازە و گرینگ بۆ کورد هاتەپێشەوە و دەوڵەتی سەنتراڵی و دیکتاتۆری کۆتایی هات و، بە هاوکاری هاوپەیمانان دەستوورێکی نوێ بۆ عێراق نووسرایەوە و دەوڵەتی عێراقی تازەی وەك دەوڵەتێکی فیدراڵی و فرەیی پێناسە کردەوە، بەڵام لە ماوەی ٢٠٠٣ تا ٢٠١٤ لەلایەن عەرەبی عێراقی ئەوجا چ سوننە یان شیعە، وەڵامدانەوەیەکی ئەرێنییان بۆ ئەم دەستوورە تازەیە نەبووە، ئەوەی لەو دەستوورەدا بۆ کورد و هەرێمی کوردستان ئاماژەی پێکرابوو، جێبەجێ نەکرا.

دوای ئەوەی لە ساڵی ٢٠١٤ تیرۆریستانی داعش هاتن و موسڵیان داگیر کرد و خەلافەتیان لە عێراق و سووریا راگەیاند، ئەمە بووە هۆکاری ئەوەی هەردوو دەوڵەتی سووریا و عێراق بوونیان نەمێنێت، بەمەش داعش کۆتایی بە سایکس پیکۆ هێنا، واقیعێکی تازەی دروستکرد، کە ئێستا ئێمە وەك هەرێمی کوردستان تەنیا ١٦ کیلۆمەتر سنوورمان لەگەڵ عێراق ماوە، بەڵام بە درێژایی زیاتر لە ١٠٠٠ کیلۆمەتر سنوورمان لەگەڵ تیرۆریستانی داعشە، دیارە ئێمە خوازیاری ئەوە نەبووین کە دەوڵەتێکی تیرۆریستی و دڕندەی وەك داعش دراوسێی ئێمە بێت، بەڵام فەشەلی حوکمڕانی لە دیمەشق و بەغدا وایکرد ئەم بارودۆخە بێتەئاراوە.

لەسەر ئەم واقیعە ئەگەر سەیری پێوەندی نێوان هەرێمی کوردستان و بەغدا لە ئێستادا بکەین، دەبینین ئەوە بەغدایە کە هەوڵیداوە پێوەندییەکانی خۆی لەگەڵ هەرێمی کوردستان بپچڕێنێت، بەغدا مووچە و بودجەی کوردستانی بڕیوە، کە ئەمە لە هیچ وڵاتێکی جیهاندا روونەداوە، ئەو بڕگانەی لە دەستووری عێراقدا وەك ماف و دەسەڵاتەکانی هەرێمی کوردستان چەسپێندراون بەغدا هەمووی پێشێل کردووە، بۆیە ئێستا هیچ پێوەندییەکی راستەقینە لە نێوان هەرێم و بەغدا بوونی نەماوە.

**● ئەنجامدانی ریفراندۆم و گەڕانەوە بۆ بڕیاری گەلی کوردستان**

دوای ساڵی ٢٠٠٣ کە هەرێمی کوردستان لە چوارچێوەی دەستووری عێراقی ٢٠٠٥ بووەوە بە بەشێك لە عێراق، بەو مەرجە بوو، کە مانەوە لەگەڵ عێراق لە چوارچێوەی فیدراڵییەتێکی ئارەزوومەندانە دەبێت، ئەم بڕگەیە لە دەستووری عێراقدا هاتووە و پێکەوەژیانی کورد و عەرەب لە عێراقدا ئارەزوومەندانەیە، بەڵام با پرسیار لە خۆمان بکەین، ئایا بەغدا هیچ بنەمایەکی بۆ پێکەوەژیانی ئارەزوومەندانە هێشتۆتەوە؟ بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە دەبێت بگەڕێینەوە بۆ لای گەلی کوردستان و ریفراندۆم ئەنجام بدەین، بۆ ئەوەی گەلی کوردستان بڕیار بدات ئایا ئارەزوومەندە لەگەڵ عێراق بمێنێتەوە، یان ئەمە کۆتایی هاتووە و دەبێت بڕیاری سەربەخۆیی بدەین. بۆیە ئەگەر لە دوای ئەنجامدانی ئەم ریفراندۆمە گەلی کوردستان هەر بڕیارێك بدات، دەبێت سەرکردایەتی سیاسیی کوردستان ئەو بڕیارە جێبەجێ بکات، ئەوجا ئەو بڕیارە هەر بڕیارێك بێت، بەڵام دیارە هەموو لایەك

**رێبازی بارزانی بووە سەرەتای رۆشنگەری شۆڕشگێری و کۆتایی بە دوژمنایەتی نێوان گەل و نەتەوەکان هێنا و، دروشمی برایەتی لەگەڵ نەتەوەکانی عەرەب و تورک و فارس بەرزکردەوە، بە دەنگی بەرز بە هەموو نەتەوەکانی راگەیاند، نەتەوەی کورد دۆستی ئێوەیە، هەر بۆیە ئەم شێوازە تازەیەی خەبات ئێمەی فێرکرد لەسەر بناخەی دۆستایەتی و مرۆڤایەتی بە رێچکەیەکی تازە درێژە بە خەبات و قوربانیدان بدەین، فێری کردین دۆست بۆ کورد و شۆڕشەکەی زیاد بکەین و دوژمنەکانی کەم بکەینەوە**

**سیاسەتی حەکیمانەی سەرۆک بارزانی لەسەر درێژەپێدان و خەباتی ئاشتییانە بۆ گەیشتن بە ئامانجی سەربەخۆیی بەردەوامەوە و هەروەک خۆیشی لە چەندین بۆنەدا جەختی لەسەر کردۆتەوە، بەوەی ئێمە دەمانەوێت بە شێوازێکی ئاشتییانە و لە میانەی دیالۆگ و لێکتێگەیشتن هەنگاو بەرەو سەربەخۆیی ودەوڵەتی کوردستان هەڵبگرین**

**پارتی دیموکراتی کوردستان بەرەو ئاراستەی سەربەخۆیی و سەرفرازی کوردستانە، ئەم سیاسەتەی پارتی درێژەپێدەری هەموو شۆڕشەکانی کوردستانە هەر لە شێخ عوبیدولای نەهرەی-یەوە بۆ شێخ عەبدوسەلام بارزانی و بۆ شێخ سەعیدی پیران و شێخ مەحمودی حەفید و قازی محەمەد و مستەفا بارزانی، خەبات و بەرخودانی هەموو ئەم شۆڕشانە بۆ یەک ئامانج بووە، ئەویش ئەوە بووە کە کورد لە کۆیلایەتی و ژێردەستەیی رزگار بکەن**

**داگیرکەرانی کوردستان توانییان هەموو شێوازێکی دڕندانە بۆ سەرکوتکردنی کورد تاقی بکەنەوە، بەڵام نەیانتوانی کوردبوون و کوردایەتی لە ناخی ژنی کوردا بسڕنەوە، بۆیە فاکتەری هەرە گرینگ دوای چیاکانی کوردستان بۆ مانەوەی کورد وەک نەتەوەیەکی زیندوو، لێهاتوویی و قارەمانی ژنی کوردە، کە پارێزگاری لە کوردبوون و کوردایەتی کردووە**

دەزانێت بەغدا کارێکی نەکردووە کە کورد بێجگە لە بڕیاری سەربەخۆیی بڕیارێکی دیکە بدات.

سەبارەت بەم پرۆسەیە کە ئێستا ئەنجام نەدراوە، هەڵمەتێك دژی سەربەخۆیی کوردستان لە سەر ئاستی دەوڵەتانی ئیقلیمی بەڕێوەدەچێت، لەپێش هەموویانەوە ئێران، دیارە ئێران ئەمەشی نەشاردۆتەوە و بە ئاشکرا رایگەیاندووە کە ئەو دژی راگەیاندنی دەوڵەتی کوردستانە، بۆیە چەندی پێی بکرێت هەوڵدەدات ئاستەنگ بۆ پرۆسەی سەربەخۆیی دروست بکات، هەروەك چۆن لە ساڵی ١٩٦٤ کاتێك بارزانی نەمر هەوڵیدا شۆڕشی ئەیلوول بەرەو پێشەوە ببات، ئێران ناوماڵی کوردی لەت کرد و شەڕی لە نێوماڵی کورددا دروستکرد. بەڵام ئەمجارە بارودۆخەکە بە شێوەیەکی دیکەیە. ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ ساڵی ٢٠٠٣ و ساتەوەختی بەرنامەی هاوپەیمانان بۆ رووخانی رژێمی سەدام حوسێن، تورکیا بە ئاشکرا دژی هاوپەیمانان راوەستا، لەبەر ئەوەی دەیگوت ئەگەر رژێمی سەدام حوسێن بڕووخێت، دەوڵەتی کوردستان دادەمەزرێت، بەڵام وێڕای نارەزاییەکانی تورکیا و بەهەدەردانی هاوپەیمانی ٥٣ ساڵی لەگەڵ ئەمریکا و لەدەستدانی زیاتر لە ٣٠ ملیار دۆلار، ئەمریکا رژێمی سەدام حوسێنی رووخاند، لە دەستووری عێراقیشدا فیدراڵییەتی کوردستان ئیقرار کرا. ئێستاش کە ئێران ئەم هەموو هەوڵە دەدات، خۆی باش دەزانێت ئەگەر ریفراندۆم ئەنجام بدرێت گەلی کوردستان دەنگ بۆ سەربەخۆیی دەدەن، هەروەها دەشزانێت ئەگەر دەوڵەتی کوردستان رابگەیەندرێت، کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دژی نابێت و هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژی داعش کە ٦٣ دەوڵەتە پشتگیری لێدەکەن، بۆیە ئێران پێی خۆش بێت، یان پێی ناخۆش بێت، ناتوانێت پرۆسەی سەربەخۆیی کوردستان رابگرێت، هەروەها ناشتوانێت لە رووی سەربازییەوە هێرش بکاتە سەر کوردستان، لەبەر ئەوەی شەڕکردن لەگەڵ کوردستان، واتە شەڕکردن لەگەڵ ٦٣ دەوڵەتی ناو هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژی داعش، بۆیە پەنادەباتە بەر لەتکردنی نێوماڵی کوردستان، بەڵام پرسیار ئەوەیە ئایا ئێران دەتوانێت بەم رێگەیە ئەم ئامانجەی بهێنێتەدی؟ وەڵامی ئەم پرسیارە ئاشکرایە، لەبەر ئەوەی کورد ئێستا هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژی داعش پشتگیری لێدەکات، هەروەها کە ئێران خۆی نەتوانێت راستەوخۆ ئاستەنگ دروست بکات، ئەوا ئەوانەشی لەم قۆناخە دەبنە داردەستی ئێران و بەوەکالەت ئەو کارەی بۆ دەکەن، ئەوانیش سەرکەوتوو نابن.

### ● جیهانی ئازاد پێشوازی لە دیموکراتی و لێبوردەیی و پێکەوە ژیانی ئاشتییانە دەکات

ئەو نەخشەیەی ئێستا کوردستان لە سایەی سیاسەتی حەکیمانەی سەرۆك بارزانی لەسەری دەڕوات، بریتییە لە پیادەکردنی دیموکراتی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باوەڕبوون بە لێبووردەیی و پێکەوەژیانی نێوان نەتەوە و ئایینە جیاوازەکان، لە بەرامبەردا، ئەوانەی دژی دەوڵەتی کوردستانن هەر یەکەیان بە شێوەیەك دەیانەوێت مێژوو بۆ دواوە بگێڕنەوە، لەلایەك ئێران دەیەوێت ناوچە بگێڕێتەوە بۆ ٢٥٠٠ ساڵ پێش ئێستای سەردەمی ئەخمینییەکان، تورکیا دەیەوێت ٧٠٠ ساڵ ناوچەکە بگێڕێتەوە بۆ دواوە و بۆ سەردەمی عوسمانییەکان، داعش دەیەوێت ناوچەکە بگێڕێتەوە بۆ ١٤٠٠ ساڵ پێش ئێستا، ئەگەر سەیری تێڕوانینی رۆژئاوا بکەین بۆ ئەم ئاراستە جیاوازانەی لە ئێستای رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بوونیان هەیە، ئاشکرایە رۆژئاوا دژی هەر سێ ئاراستەکەی گێرانەوەی مێژووە بۆ ١٠٠٠- ٢٠٠٠ ساڵ لەمەوپێش، هەروەها لەمەش زیاتر رۆژئاوا بەگشتی و ئەمریکا بەتایبەتی ئەم ئاراستانە وەك هەڕەشە و مەترسییەکی گەورە بۆ سەر ئاسایش و بەرژەوەندییەکانی خۆیان سەیر دەکەن، بەڵام لەگەڵ ئاراستەی کوردستاندا بۆ دیموکراتی و پێکەوەژیان یەکدەگرێتەوە، ئەمەش وایکردووە، راستە دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان خواست و ئامانجی هەر تاکێکی کورد و کوردستانییە، بەڵام لەبەر ئەوەی لەگەڵ بەها و نۆرمەکانی رۆژئاوا یەکدەگرێتەوە، دامەزراندنی ئەم دەوڵەتە بۆتە خواستی ئەوانیش، کەواتە دەوڵەتی کوردستان کە ئێستا بۆتە خواستی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی هیچ کەسێك ناتوانێت ئاستەنگی بۆ دروست بکات، لەمەش گرینگتر کە دەخوازم هەڵوەستەی لەسەر بکەم، هەنگاوەکان بۆ سەربەخۆیی کوردستان نەك هەر خاونابنەوە، بەڵکو هەنگاوەکان خێراتر دەبن و پێش ئەوەی ساڵی ٢٠١٦ کۆتایی پێ بێت، ریفراندۆم لە کوردستان ئەنجامدەرێت، پرۆسەی سەربەخۆیی هەنگاوی کۆتایی و یەکلایکەرەوەی خۆی تەواودەکات.

---

* ئەم وتارە بەشێکە لەو کۆڕەی نووسەر کە لەلایەن مەکتەبی رۆشنبیری و راگەیاندنی لقی ٢ی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە بۆی رێکخراوبوو.



ريچارد هاس

سەرۆكی ئامۆژگای پێوەندییەكانی دەرەوەی ئەمریكا:

# هەوڵدان بۆ دووبارە گێڕانەوەی ئەو دەوڵەتانەی سایكس پیكۆ دروستی كردوون، كارێكی گەمژانەیە

ریچارد هاس سەرۆکی ئامۆژگای پێوەندییەکانی دەرەوەی ئەمریکایە (Cfr.org) و لەسەردەمی ئیدارەی کلینتۆن سەرۆکی ستافی پلاندانەری سیاسەت بووە لە وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا، هەروەها لە ئامۆژگای پێوەندییەکانی دەرەوەی ئەمریکا، یەکێکە لە گەورەترین سینکتاکسەکانی ئەمەریکا و جیهان و گۆڤاری فۆرێن ئەفێرز کە بڵاوەکراوەیەکی ئەم ئامۆژگایەیە، بە گرینگترین گۆڤاری فیکری سیاسی لە جیهاندا دادەنرێت و بەشی هەرە زۆری تیۆرە سیاسییەکانی سیاسەت و حوکمڕانی لەو گۆڤارە بڵاوکراونەتەوە، هەربۆیە تویژینەوە و لێکۆڵینەوەکانی ئامۆژگای پێوەندییەکانی دەرەوە و بیروبۆچوونەکانی ریچارد هاسی سەرۆکی لەسەر ئاستی حکومەتی ئەمریکا و جیهانیش جێگەی بایەخ و هەڵوەستەکردنن، لەم روانگەیەوە بە پێویستمان زانی ئەم وتارەی ریچارد هاس کە بە ناونیشانی (ئاشتبوونە لەگەڵ سایکس پیکۆ) کە رۆژی ٢٦ی ئایار لە ماڵپەری (the syndicate project) بڵاوی کردۆتەوە بۆ خوێنەرانی گوڵان-ی بکەین بە کوردی، ئەمەش دەقی وتارەکەیە.

ئەم مانگە یادی تێپەڕبوونی سەدەیەك بە سەر رێککەوتنی سایکس پیکۆ-دا لەخۆ دەگرێت، ئەو رێککەوتنە نهێنییەی لە نێوان بەریتانیا و فەڕەنسادا ئەنجام درا و بووە هۆی ئەوەی لە ماوەی دەیەیەکدا زنجیرەیەك هەموارکردن لە سنوورەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی دوای عوسمانیدا بێتەئاراوە. زۆربەی لێدوانەکان لە بارەی ئەم یادەوە لێدوانگەلێکی سلبی بوون، کە پێیانوایە ئەم رێککەوتنە ئۆباڵێکی گەورەی لە ئەستۆیە بۆ دووبارەبوونەوە و درێژەکێشانی ناکۆکییەکانی ناوچەکە. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەو راڤە و لێکدانەوەیە نزیکە لە موبالەغەکردنەوە. ئامانجی (مارکس سایکس) و (فرانسوا جۆرج پیکۆ) داڕشتنی پلانێك بوو تاوەکو بەریتانیا و فەڕەنسا نەکەونە رکابەرییەکی کارەساتبارەوە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. کە تا راددەیەکی زۆریش سەرکەوتوو بوون، پلانەکەشیان بووە هۆی ئەوەی کە ئەم ناوچەیە نەکەوێتە بەر بەرداشی دوو هێزی ئەوروپییەوە، هەروەها لە توانایدا هەبوو سەدەیەك درێژە بکێشێت.

بۆ ئەوەی دڵنیابین، ئەوا زۆرێك لە سنوورەکانی سایکس پیکۆ رەنگدانەوەی رێککەوتنێك بوو کە لە ئەوروپا ئەنجام درا، نەك بەرجەستەکەری واقیعە دیموگرافی، یان مێژووییەکان بێت. ئەمەش بە دەگمەن رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەکاتە ناوچەیەکی دەگمەن، چونکە میراتی ئەو سنوورانەی لە جیهاندا هەن، کەمتری پەیوەستن بە پلانداڕشتنێکی ژیرانە، یان بژارەیەکی جەماوەرییەوە، بەڵکو پتر گرێدراون بە تێکەڵێك لە توندوتیژی، تمووح، جوگرافیا و دەرفەتەوە.

واقیعە تاڵەکە ئەوەیە کە بارودۆخی ئێستای رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەرئەنجامی ئەو کارە خراپە بووە کە خەڵکەکە و سەرکردەکانی پێی هەڵساون لە پێناو داڕشتنیدا. ناکرێت ئۆباڵی نەبوونی لێبووردەیی و ئازادی سیاسی و یان بوونی قوتابخانەی خراپ و مامەڵەی ناڕەوا لەگەڵ ئافرەتان لە ناوچەکەدا بخەینە ئەستۆی سایکس و پیکۆ. بەشەکانی دیکەی جیهان ( لە نێویاندا ئەو بەشانەی کە خاوەنی یەدەگێکی گەورەی نەوت و غاز نین) قۆناخی کۆڵۆنیاڵیزمیان تێپەڕاندووە و لە دۆخێکی باشتریشدان.

ئەو هۆکارانەی وا لێك دەدرێنەوە کە شرۆڤەی تۆماری پڕ لە شکستی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەکەن- مێژوو، کەلتوور، ئایین و کەسایەتییەکان-

شایستەی ئەوەن پێداچوونەوەیان پێدا بکرێت. بەڵام هەنوکەییترین پرس لە ئێستادا کە ئەم یادە بیورووژێنێت کەمتر پەیوەستە بە شرۆڤەی مێژووییەوە، بەڵکو پتر گرێدراوە بە سیاسەتی ئێستاوە.

لە زۆربەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، ململانێی توندوتیژ لەسەر باڵادەستی بۆتە شتێکی باو. لە چوار، یان پێنج وڵاتی ناوچەکە مشتومڕ لەسەر ئەوەیە کە حکومەتی ئەو وڵاتانە کۆنترۆڵیان بەسەر بەشێکی زۆری خاکی وڵاتەکەیاندا لە دەست داوە. بۆ چەندین دەیە لوبنان لەم دۆخەدایە، عێراقیش بۆ پتر لە دەیەیەك و سووریا و لیبیا و یەمەنیش بۆ ماوەی پێنج ساڵە لەم دۆخەدان. میلیشیاکان، رێکخراوە تیرۆریستییەکان، جەنگاوەرە دەرەکییەکان و گروپە چەکدارەکانی دیکە بە رادەیەکی جیاواز دەسەڵاتی مەحەلی خۆیان چەسپاندووە. هەروەها کوردیش خەونی نەتەوەیی بەدینەهاتووی هەیە (بەشێکی زۆریان لە تورکیا، عێراق، سووریا و ئێران دەژین)، لەگەڵ پرسی چارەسەرنەکراوی پەیوەست بەوەی چۆن واقیعی ئیسرائیل لەگەڵ ئامانجە سیاسیەکانی فەلەستیندا بگونجێنرێت. بە شێوەیەکی عەمەلی سنوورەکانی نێوان سووریا و عێراق سڕدراونەتەوە. بە ملیۆنەها پیاو و ئافرەت و منداڵ هەن کە لە وڵاتێکدا دەژین کە وڵاتی خۆیان نییە.

کەواتە دەبێت چی بکرێت؟ یەکێك لە بژارەکان بریتی دەبێت لە پاراستنی-یاخود، وردتر بڵێین، گەڕاندنەوەی- ئەو رۆژهەڵاتی ناوەڕاستەی کە سایکس-پیکۆ هێنایەئاراوە. بەڵام خستنەگەڕی هەوڵی یەکپێگرتنەوەی ئەو وڵاتانە کە لەسەر نەخشەن بوونیان هەیە و کارکردن بۆ ئەوەی سنوورەکانی نێوانیان گرینگی هەبێت، کارێکی گەمژانەیە. جارێکی دیکە ئەم وڵاتانە ناگەڕێنەوە بۆ دۆخی پێشوویان، لە زۆر حاڵەتدا وابەستەبوون بە ناوچە، ئایین، خێڵ، گروپی ئیتنی، یان ئایدیۆلۆژییەوە باڵاترە لە وابەستەبوون بە ناسنامەی نەتەوەییەوە.

بژارەی دووەم بریتییە لە هەوڵدان بۆ گفتوگۆکردن لەسەر مەرجەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی نوێ، کە جێی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی سایکس پیکۆ بگرێتەوە. رەنگە ئەمەشیان شکستێك بێت کە باجێکی گەورە بدرێت لە بەرامبەریدا. رەنگە رۆژێك بێت دووبارە داڕشتنەوەی سنوورەکان مومکین بێت، بەڵام لە باشترین حاڵەتدا، ئەو رۆژە دەیەیەك لێمانەوە دوورە. لە راستیدا کۆدەنگییەك نییە لە بارەی ئەوەی دەبێت بە چ شێوەیەك ئەو نەخشەیە دابڕێژرێتەوە، هیچ لایەنێك، یان هاوپەیمانێتییەکیش ناتوانێت بیسەپێنێت، یان پارێزگاری لێبکات.

بە پێودانگی ئەزموونی عەمەلی، تەنیا ئەو کاتە دیپلۆماسییەت سەرکەوتن بەدەست دەهێنێت کە مامەڵە لەگەڵ راستییەکانی سەر ئەرزی واقیع بکات، نەك ئەو راستییانە بخولقێنێت، هەروەها کاتێك ئەو راستییانەی سەر ئەرزی واقیع دەبنە رێگری لە بەردەم گەیشتن بە چارەسەرێکی ئیقلیمدا. هەموو ئەمانە سەردەکێشن بۆ بژارەی سێیەم: قبووڵکردنی ئەو راستییەی کە لە ئایندەیەکی نزیکدا رۆژهەڵاتی ناوەڕاست هاوشێوەی ئەو رۆژهەڵاتی ناوەڕاستە نییە کە لە سەر نەخشە و لە جیهاندا دەردەکەوێت. ئەمە مشتومڕێك نییە بە ئامانجی دوورەپەرێزبوون. دۆخەکان چەند خراپ بن، ئەوا هەمیشە ئەگەری ئەوە هەیە خراپتر بن. بەڵام بۆ ئەوەی خراپتر نەبن، ئەوا دەتوانرێت و پێویستە ئەو حکومەت و رێکخراوانە بەهێز بکرێن کە لە ئاستی ستانداردگەلێکی دیاریکراودان، ئەوانەش لە ئاست ئەو ستانداردانەدا نین، دەتوانرێت و پێویستە لاواز بکرێن. بەڵام چەند هەوڵ بدرێت، ئەوا واقیعە بنەڕەتییەکەی ناوچەکە ناگۆڕێت. سنوورەکان گرینگییەکی کەمیان هەیە و حکومەتەکانیش تەنیا بە رادەیەکی کەمتر گرینگن. ئەگەری ئەوە هەیە کە سووریا، عێراق و لیبیا تەنیا بە رواڵەت وڵات بن، چونکە – باش بێت، یان خراپ- چەند بەشێکی گرینگی ئەم وڵاتانە دەبنە ناوچەگەلێکی خۆبەڕێوەبەر. ئەو راستییەی کە تورکیا، ئێران، سعودیە، ئیسرائیل، رووسیا و ئەمەریکا لە سەر مەرامی ناکۆك بە یەك کار دەکەن، ئاماژەیەکی دیکەیە بە ئایندەیەکی پڕ لە پشێوی، بە بێ ئەوەی بناغە و بنچینەیەکی یاسایی هەبێت.

لە هەندێ رووەوە، رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی پێش سایکس پیکۆ دەگەڕێتەوە، بەڵام بە بێ بوونی ئەو نیزامەی کە لەلایەن ئیمپراتۆریەتی عوسمانییەوە سەپێنرابوو. لە دەرئەنجامدا، رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە سەدەی داهاتوو زیاتر دووچاری نەهامەتی دەبێت بە بەراورد بە سەدەی رابردوو، ئەو واقیعەی وامان لێدەکات کە ئاواتەخواز بین بۆ رۆژگاری سایکس و پیکۆ.

**ئەو راستییەی کە تورکیا، ئێران، سعودیە، ئیسرائیل، رووسیا و ئەمەریکا لەسەر مەرامی ناکۆک بە یەک کار دەکەن، ئاماژەیەکی دیکەیە بە ئایندەیەکی پڕ لە پشێوی، بە بێ ئەوەی بناغە و بنچینەیەکی یاسایی هەبێت**

**ناکرێت ئۆباڵی نەبوونی لێبووردەیی و ئازادی سیاسی و یان بوونی قوتابخانەی خراپ و مامەڵەی ناڕەوا لەگەڵ ئافرەتان لە ناوچەکەدا بخەینە ئەستۆی سایکس و پیکۆ**

مارینا ئۆتاوای شارەزای کاروباری رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ گوڵان:

# سوپای عێراق لەو ئاستەدا نییە کە پرۆسەی ئازادکردنەوەی موسڵ وا زوو دەست پێ بکات

**مارینا ئۆتاوای توێژەری باڵایە لە سەنتەری وودرۆ ویلسۆن و بۆ ماوەیەکی دوور و درێژە سەرقاڵی شرۆڤەکاریی ئاڵوگۆڕەکانی ئەفریقیا و بەلکان و رۆژهەڵاتی ناوەڕاستە. حاڵی حازر لەم سەنتەرەدا لەسەر پرۆژەیەك كار دەكات كە پەیوەستە بە وڵاتانی بەهاری عەرەبی و عێراقەوە. پێشتریش توێژینەوەی لەسەر ئەفریقیا و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست کردووە و لە چەندین زانكۆ وانەبێژ بووە، وەك زانكۆی ئەمەریكا لە قاهیرە و زانكۆی زامبیا و ئەدیس ئەبابا. بۆ قسەكردن لەسەر ئامادەكارییە سەربازییەكانی گرتنەوەی موسڵ و پرسی پەیوەست بە دۆخی دوای موسڵ و ئەگەری لەبەریەك هەڵوەشانی عێراق و سەربەخۆبوونی كوردستان گوڵان دیدارێكی لەگەڵدا ئەنجامدا و ئەویش بەم شێوەیە وەڵامی پرسیارەكانی داینەوە.**

*** لە ئێستادا باسی نزیكبوونەوەی پرۆسەی رزگاركردنەوەی موسڵ دەكرێت، كە دەبینین فەرماندە سەربازییەكانی ئەمەریكا و تەنانەت جێگری سەرۆكی ئەمەریكاش سەردانی هەرێمی كوردستانیان كرد، پرسیارەكە ئەوەیە ئایا لە ئێستادا دۆخەكە لەبارە بۆ ئەنجامدانی ئەم پرۆسەیە و ئایا ئامادەكارییەكان تەواو كراون؟**

- بە دڵنیاییەوە لە ئێستادا گفتوگۆ لە بارەی چۆنیەتی رزگاركردنەوەی موسڵ لەئارادایە، هەروەها هاوكاری لە نێوان سوپای عێراق و هەرێمی كوردستان و لایەنی ئەمەریكی — كە راوێژكاری سەربازی و هێزی تایبەتی رەوانە كردووە- بوونی هەیە. بەڵام من پێموانییە ئاماژەی راستەقینە هەبێت كە هێرشی سەر موسڵ لە ئان و ساتدا بێت، ئەویش لەبەر دوو هۆكار، یەكەمیان ئەوەیە هێشتا ناكۆكی و بیروبۆچوونی جیاواز هەیە لە نێو حكومەتی عێراقدا، بەتایبەتی لە نێوان حكومەتی عێراق و میلیشیا شیعەكاندا، ناكۆكییەكەش لەوەدا بەرجەستە دەبێت ئایا گرتنەوەی موسڵ بخرێتە پێش رزگاركردنەوەی فەللوجە، یان نا، چونكە میلیشیا شیعەكان فشار دەكەن بۆ ئەوەی سەرەتا فەللوجە رزگار بكرێت، واتە كاركردن لەسەر موسڵ دوابخرێت. هۆكاری دووەم بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە كە ستراتیژیەتی — رزگاركردنەوەی شارەكە- لەسەر بنەمای خنكاندنی لەسەرخۆ (slow strangulation) بێت، نەك هێرشی راستەوخۆ، واتە ئێمە نابینین پۆل پۆل سەربازانی سوپای عێراق- هاوشان بە راوێژكارە سەربازییەكانی ئەمەریكا- بەرەو ناو شاری موسڵ بڕۆن، بەڵكو ئەمە پرۆسەیەكی خاو دەبێت و كار لەسەر ئەوە دەكرێت رێگاكانی گەیشتنی كۆمەك بە داعش قورستر بكرێن، هەروەك ئەوەی بەدیمان كرد كە پێشمەرگە لە شنگالەوە ئەم كارەی كرد، هەروەها لە باكووری شارەكەشەوە. كەواتە ئەمە پرۆسەیەكی زۆر خاو دەبێت و رەنگە بەلای كەمەوە چەند مانگێكی پێبچێت، پێش ئەوەی دەست بە پرۆسەیەكی جددی بكرێت.

*** ئایا تا چ رادەیەك سوپای عێراق ئیرادە و ئیمكانییەتی ئەنجامدانی ئەم شەڕەی هەیە و ئایا هەڵوێستی ئەمەریكا چی دەبێت لەسەر بەشداریكردنی**



**ئامادەکارییە سەربازییەکان بۆ گرتنەوەی موسڵ لە زۆر رووەوە لە پێشترن بە بەراورد بە ئامادەکارییە سیاسییەکان، واتە ئەوە یەکلانەکراوەتەوە ئایا ئەگەر داعش تێکشکێندرا لە موسڵدا کێ کۆنترۆڵی ئەو شارە دەکات و کێ حوکمڕانی دەکات. بەڵام ئەگەر میلیشیا شیعەکان جڵەوی ئەم کارە بگرنە دەست لە موسڵدا، یاخود ئەو قسە و باسانەی دەکرێن لەبارەی چوونیان بۆ موسڵ، ئەوا ئەمە مایەی کارەسات دەبێت**

**میلیشیا شیعەکان لە پرۆسەی رزگارکردنەوەی ئەم شارەدا، چونکە ترسی ئەوە هەیە بە هەمان شێوەی شوێنە رزگارکراوەکانی دیکە ئەم میلیشیایانە دەست بدەنە پێشێلکاری و کارەساتی مرۆیی بخوڵقێنن؟**

- خەریکە ئەمەریکا متمانە بە هەندێ یەکەی بچووکی سوپای عێراق پەیدا دەکات، کێشەکە لە ئێستادا ئەوەیە کە ژمارەی ئەو هێزانە کەمە، خاڵی دووەم ئەوەیە تاوەکو داعش هێرشەکانی زیاتر بکات بۆ سەر بەغدا- کە لەم ماوەیەدا زیادبوونی هێرشی تیرۆریستیمان بینی لە بەغدا-، ئەوا ئەگەری کەمترە بەشێکی زیاتری ئەو سوپایە بۆ ئۆپەراسیۆنەکانی باکوور تەرخان بکرێت، بە واتایەکی دیکە رەنگە حکومەتی عێراق بڕیاری ئەوە بدات تەرکیزی زیاتر لەسەر پاراستنی بەغدا بکات، ئەمەش خاوبوونەوەی پرۆسەی باکووری لێدەکەوێتەوە، واتە لە حاڵەتی ئەوەی کە بەغدا مەترسی و هەڕەشەی کەوتەسەر، ئەمەش ئەگەری هەیە رووبدات.

*** پێشمەرگە هێزێکی متمانەپێکراوە لە لایەن ئەمەریکاوە، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا رۆڵی پێشمەرگە لەم پرۆسەیەدا چی دەبێت؟**

- بە دڵنیاییەوە پێشمەرگە رۆڵی گرینگ دەبینێت و حاڵی حازر پێشمەرگە رۆڵێکی گرینگی بینیوە لە داخستنی دەروازەکانی موسڵدا. ئەوەی بەلای منەوە بە هیچ شێوەیەکی روون نییە، ئەوەیە ئایا پێشمەرگە بەشداری لە پرۆسەی ئازادکردنەوەی ناو شارەکە دەکەن یان نا، چونکە پێشمەرگە دوودڵ بووە لە چوونی بۆ نێو ئەو ناوچانەی کە زۆرینەی دانیشتووانەکەی عەرەبی سوننە بوون. چونکە تا ئێستا پێشمەرگە لە دەوروبەری شارەکە بووە لە باکوورەوە کە زۆربەی دانیشتووانەکەی کوردن، بەڵام ئەگەر جووڵە بکەن و لە رووبارەکە بپەڕنەوە ئەوا دەکەونە ناوچەی عەرەبە سوننەکانەوە. لەبەر ئەوە بە راستی من نازانم بڕیاری هەرێمی کوردستان چۆن دەبێت، لە رابردوودا بارزانی رایگەیاندووە کە پێشمەرگە ناچێتە ناو موسڵ و ئایا ئێستا تیڕوانینی گۆڕاوە و لێدوانی جیاواز دەدات، ئەوا بە راستی من نازانم پێشمەرگە تا چ سنوورێکی موسڵ دەڕوات. ئەمە بە مانای ئەوە نایەت کە پێشمەرگە رۆڵێکی

**ئەگەر عێراق دابەش بێت- کە ئەمە پرۆسەیەش بە جیابوونەوەی کوردستان دەست پێدەکات- ئەوا ئەمە بە تەواوەتی بڕیاری، یان دەرئەنجامی بڕیاری خودی عێراقییەکان خۆیان دەبێت، نەک دەرئەنجامی بڕیاری هێزە دەرەکییەکان**

گرینگی نابێت، چونکە پاراستنی دەروازەکانی شارەکەش رۆڵێکی گرینگە.

*** راوبۆچوونی ئێوە چییە لە بارەی هەوڵەکانی سەرۆك بارزانی بۆ ئەنجامدانی ریفراندۆم و چۆن لە هەنگاوهەڵگرتنی کوردستان بەرەو سەربەخۆیی دەڕوانن؟**

- ئاشکرایە لەم رووەوە بیروبۆچوونی جیاواز هەیە، ئێوە دەزانن کە پێشتر ریفراندۆم کراوە و زۆرینەی دەنگدەرانیش لەگەڵ سەربەخۆییدا بوون، بەڵام هێشتا ئەوە روون نییە ئایا لەگەڵ دەنگدانی زۆرینەشدا بە سەربەخۆیی بارزانی راستەوخۆ سەربەخۆیی رادەگەیەنێت، یان نا، چونکە دووچاری کێشەیەکی گەورەی دانپێدانانی نێودەوڵەتی دەبێتەوە، بە شێوەیەکی گشتی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی تەفزیلی سەربەخۆیی کوردستان ناکات، ئەمەریکاش تەفزیلی ناکات، تورکیا کێشەی لەگەڵ هەرێمێکی خۆبەڕێوەبەر(ئۆتۆمۆنی)دا نییە- کە لەم ساتەوەختەدا لە رووی عەمەلییەوە سەربەخۆیە-، نەك لەگەڵ سەربەخۆییەکی رەسمیدا، کەواتە تورکیا زۆر دوودڵ دەبێت لە دانپێدانان بە سەربەخۆیی کوردستان لە باکووری عێراقدا. لێرەدا کێشەکە یاخود پرسیارەکە ئەوەیە نییە ئایا کورد شایستەی دەوڵەت و سەربەخۆییە، یان نا، بەڵکو مەسەلەکە پێوەندیدارە بە سیاسەتی دەرەوەی وڵاتانەوە، ئایا سەربەخۆیی کوردستان بە رووداوێکی باش دەزانن، یان پێیانوایە دەرئەنجامی خراپی لێدەکەوێتەوە، کە پێموایە زۆربەی گەمەکارەکانی ناوچەکە لە روانگەی سیاسەتی دەرەوەی وڵاتەکەیانەوە سەربەخۆبوونی کوردستان بە کارێکی باش نازانن.

*** پێشبینی دەکرێت لەگەڵ دەستپێکردنی پرۆسەی رزگارکردنەوەی موسڵ، نزیکەی ٥٠٠ هەزار ئاوارەی دیکە رووبکەنە کوردستان، ئایا کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بۆ لە خۆگرتنی ئەو ژمارە زۆرەی ئاوارەکان هاوکاری ئەم هەرێمە دەکات؟**

- من پێموایە ئەمە لەبەرچاو دەگرن، بەڵام ئایا هاوکاری و پشتیوانی پێویست دەستەبەر دەکەن، من نازانم، بەڵام بە دڵنیاییەوە ئەمە لەبەرچاو دەگرن.

*** ئێمە دەزانین سەرچاوەی کێشەکان لە عێراقدا سیاسین، واتە نابێت تەنیا تەرکیز لەسەر یەکلاکردنەوەی سەربازییانەی کێشەکان بکرێت، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا ئەمەریکا پلانێکی تۆکمەی بۆ دۆخی داعش لە موسڵدا هەیە؟**

- من هیچ پلانێك بەدی ناکەم و ئەوەی نیگەرانم دەکات ئەوەیە کە ئامادەکارییە سەربازییەکان بۆ گرتنەوەی موسڵ لە زۆر رووەوە لە پێشترن بە بەراورد بە ئامادەکارییە سیاسییەکان، واتە ئەوە یەکلانەکراوەتەوە ئایا ئەگەر داعش تێکشکێندرا لە موسڵدا کێ کۆنترۆڵی ئەو شارە دەکات و کێ حوکمرانی دەکات. بەڵام ئەگەر میلیشیا شیعەکان جڵەوی ئەم کارە بگرنە دەست لە موسڵدا، یاخود ئەو قسە و باسانەی دەکرێن لەبارەی چوونیان بۆ موسڵ، ئەوا ئەمە مایەی کارەسات دەبێت. هەروەها ئەوەی مایەی نیگەرانییەکی گەورەیە کە هێزێکی سوننە نەبێت توانای کۆنترۆڵکردنی ئەو ناوچەیەی هەبێت. لەبەر ئەوە تەنانەت ئەگەر داعشیش تێکبشکێندرێت، مەترسیی راستەقینەی سەرهەڵدانی چەندین ناکۆکی لە نێو موسڵدا هەیە.

*** ئایا پێشبینی دەکرێت سەرۆکی داهاتووی ئەمەریکا چۆن مامەڵە لەگەڵ پرسی عێراقدا بکات؟**

- زەحمەتە مەزندەی ئەوە بکەین، چونکە جارێ روون نییە کێ دەبێت سەرۆکی ئەمەریکا، ئەگەر هیلاری ببێتە سەرۆك، ئەوا ئەگەری ئەوە هەیە پشتیوانی زیاتری حکومەت بکات بۆ شەڕکردن لە دژی داعش، چونکە هیلاری پتر لە ئۆباما لەگەڵ ئەم کارەدایە. بەڵام ئەگەر ترامپ ببێتە سەرۆك، ئەوا من نازانم چی دەکات و چ هەڵوێستێکی دەبێت، چونکە ئەو کەسێکی پێشبینی نەکراوە و تۆمارێکی دیاریکراوی نییە کە پەیوەست بێت بە سیاسەتی دەرەوە.

*** بیرۆکەی دابەشکردنی عێراق بیرۆکەی جۆزێف بایدن بوو لە ساڵی ٢٠٠٦ کاتێك سیناتۆر بوو، بەڵام ئێستا جێگری سەرۆکی ئەمەریکایە و خۆی سەرپەرشتی ئەو بارودۆخە خراپەی عێراق دەکات، ئایا ئەگەر هەوڵبدات بە ئاشتی عێراق دابەش بکات، لەوە باشتر نییە ئەو هەموو خوێنڕشتن و کوشتنە کە لە دوای ساڵی ٢٠٠٣وە لە عێراقدا روودەدات؟**

- ئەمە بەندە بەوەی خودی عێراقییەکان خۆیان چی دەکەن، کەس لە دەرەوەڕا عێراق دابەش ناکات و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بڕیاری ئەوە نادات دەبێت عێراق دابەش بێت. خۆ ئەگەر عێراق دابەش بێت- کە ئەمە پرۆسەیەش بە جیابوونەوەی کوردستان دەست پێدەکات- ئەوا ئەمە بە تەواوەتی بڕیاری، یان دەرئەنجامی بڕیاری خودی عێراقییەکان خۆیان دەبێت، نەك دەرئەنجامی بڕیاری هێزە دەرەکییەکان.

**زۆربەی گەمەکارەکانی ناوچەکە لە روانگەی سیاسەتی دەرەوەی وڵاتەکەیانەوە سەربەخۆبوونی کوردستان بە کارێکی باش نازانن**

**پێشتر ریفراندۆم کراوە و زۆرینەی دەنگدەرانیش لەگەڵ سەربەخۆییدا بوون، بەڵام هێشتا ئەوە روون نییە ئایا لەگەڵ دەنگدانی زۆرینەشدا بە سەربەخۆیی بارزانی راستەوخۆ سەربەخۆیی رادەگەیەنێت، یان نا، چونکە دووچاری کێشەیەکی گەورەی دانپێدانانی نێودەوڵەتی دەبێتەوە**

**تاوەکو داعش هێرشەکانی زیاتر بکات بۆ سەر بەغدا- کە لەم ماوەیەدا زیادبوونی هێرشی تیرۆریستیمان بینی لە بەغدا-، ئەوا ئەگەری کەمترە بەشێکی زیاتری ئەو سوپایە بۆ ئۆپەراسیۆنەکانی باکوور تەرخان بکرێت**

# دوای سەد ساڵ لە سایکس پیکۆ
# تەواوی ناوچەکە لە دۆخی پشێوی و شڵەژاندایە



• دوای سەد ساڵ لە سایکس-پیکۆ، تەواوی ئەم ناوچەیە، کە لەو کاتەدا لە ژێر کۆنترۆڵی عوسمانییەکاندا بوو، لە دۆخی پشێوی و شڵەژاندایە. شەڕی قورس لە دیمەشقەوە بۆ حەلەب و بۆ نیمچە دورگەی سینا، لە بەغداوە بۆ تەرابلوس (لە لیبیا) و بۆ یەمەن، لە ئارادایە.

• شکستی دیپلۆماسیەتی رۆژئاوایی لە سەروەختی سایکس پیکۆ-دا دەستی پێکرد، کە ئەم شکستەش وەك رایەڵێك تا رۆژگاری ئێستا درێژدەبێتەوە. ئەوە ئاشکرایە کە ناکۆکییە مەحەلییەکان، بە ناکۆکییە ئیتنی و ئایینییەکانەوە، بە چارەسەرنەکراوی ماونەتەوە، هەروەها هەوڵەکانی رووخاندنی رژێمە تۆتالیتارییەکان لە میسر و عێراق و سووریا و تونس و لیبیا بە ئامانجی بنیادنانی دیموکراسیگەلێکی رۆژئاوایی، زۆر کورتیان هێناوە و مەبەستی خۆیان نەپێکا.

• ئەورووپا نەك تەنیا شکستی هێنا لە سیاسەتی دەرەکیدا بە درێژایی ئەو ساڵانە، بەڵکو لە ئێستادا هەوڵی شکستپێهێنانی هێرشە تیرۆریستییە ئیسلامییەکان دەدات لەسەر خاکی خۆی، هەروەها سەرکەوتوو نییە لە لەخۆگرتنی شەپۆلی کۆچبەران کە لە بەرەکانی شەڕی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە هەڵدێن.

• راستیە مێژووییەکان بە روونی ئەوەیان سەلماندووە کە هیچ هەوڵێکی دەوڵەتە رۆژئاواییەکان و نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ سەپاندنی سنوورەکان و سیستمێکی دیاریکراو- هەروەك ئەوەی فەڕەنسا و بەریتانیا سەدەیەك پێش ئێستا پێی هەستان- بەرهەمی نەبووە. ئەوەش ئاشکرایە کە دەستگرتن بەم رێگاچارە هەڵەیەوە تەنیا دەبێتە هۆی ئەوەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست ببێتە ناوچەیەك بۆ ناکۆکیگەلێکی نەبڕاوەی پڕ لە توندوتیژی.

• سەرچاوە: The Sykes-Picot borders are collapsing due to a failed Western policy

• نووسینی: Freddy Eytan





**سۆران سێوکانی**

بۆ گوڵان نووسیویەتی

خەونی قەوارەیەکی سەربەخۆ بۆ گەلی کوردستان، دەیان ساڵە لە ناخی هەر تاکێکی کوردا گینگڵ دەدات، لەم پێناوەشدا قوربانیی زۆر دراوە و لە بەرامبەر دڕندەترین رژێمەکاندا گەلی کوردستان راوەستاوەتەوە، بەڵام ئامادەنەبووە واز لە خەونی خۆی بێنێت.

ئەڵبەت مافی سەربەخۆیی نەتەوەیی، مافێکی سروشتی گەلانی دنیایە و هەموو دیکۆمێنت و رێککەوتنامە نێودەوڵەتییەکان پێداگرییان لەسەر کردووە.

ئەوەی جێگەی تێڕامانە تەنیا کورد وەك نەتەوەیەکی سەربەخۆی بێ قەوارە لەم دنیایەدا توانیوێتی لەسەر پێی خۆی رابوەستێت و شکست نەهێنێت، چونکە بە درێژایی مێژوو چەندین نەتەوە توانەوتەوە و زمان و کەلتووریان بزر کردووە، کەچی کورد هەر توانیوێتی رەگەکانی خۆی بپارێزێت. ئێستاش پاش تێپەڕبوونی ١٠٠ساڵ بە سەر لکاندنی بەزۆری هەرێمی باشووری کوردستان بە عێراقەوە، تەواو ئاشکرایە کە کوردستان لەگەڵ عێراقدا دوو دنیای جیاواز، دوو نەتەوەی جیاواز، دوو کەلتووری جیاواز، دوو تۆبۆگرافیای جیاوازن، ئەوەی پێکەوە بەستوونیەتەوە، تەنیا حکومەتێکی شکستخواردووە کە لە ماوەی یەك سەدەدا نەیتوانیوە، بگۆڕێت بۆ دەوڵەتێکی راستەقینە، بەڵکوو هەر وەك قەوارەیەکی شلۆق وخۆنەگرتوو بەڕێوەچووە، یان بە زەبری ئاگر و ئاسن دامرکاوەتەوە.

بێگومان گرێبەستی پێکەوەژیانی کۆمەڵایەتی هەر لە هۆبز و لۆك ـەوە تا دەگاتە رۆسۆ و رالز-یش وەك فەیلەسووفی گرێبەستی کۆمەڵایەتی ئەوەیان خستۆتەڕوو کە دروستبوونی کۆمەڵگەی مرۆیی پرۆسەیەکی خۆویستی کەسەکانە، نەك پرۆسەیەکی مێگەلی بێت .هەربۆیە هەرکاتێك کۆمەڵگەیەك بە زەبری هێز پێکەوە لکینرا، هەرگیز ناتوانێت ئارامی و ئۆقرەیی بە خۆیەوە ببینێت.

لێرەوە گەر ئەم بنەمایانە لەگەڵ عێراقدا بکەینە پێوەر ئەوە دەردەچێت کە عێراق بەم ناهارمۆنیکییەی هەیە، بەم سایکۆلۆژیا شپرزەی هەیە و بەو مێژووە خوێناوییەی هەیەتی، هەرگیز ناتوانێت ببێتە دەوڵەتێکی سەرکەوتوو، بەڵکوو رۆژانە لە دنیا پەراوێز دەبێت و بەرەو هەمەجیبوون هەنگاو دەنێت، تا ئاستێك ئەوەی بچێتە دەرەوەی وڵات تێدەگات کە لە دنیادا عێراقیبوون بۆتە جێگەی نەنگیبوون. لەلایەکیترەوە ئەوەش ئاشکرایە کە عێراق چ وەك حکومەت و چ وەك گەل بە هیچ شێوەیەك ناتوانن ئەو راستییە قبووڵ بکەن کە کورد گەلێکی سەربەخۆیە، ئەوان هەمیشە بە چاوی برابچووك دەیانەوێت ئێمە ببینن، نەك وەك هاوشانێك لە دەسەڵاتی وڵات و سەرمایەدا.

ئەوەی لە ناوچەی شیعەنشین ماوەیەك بژی و تێکەڵی خەڵك ببێت، زۆر بە روونی ئەو حەقیقەتەی بۆ روون



# کوردستانێکی سەربەخۆ و دوژمنەکانی

دەبیتەوە کە عەرەب بەگشتی ئەو تێڕوانینەیان بۆ کورد هەیە کە سەدام هەیبوو، یان ئەوانەی دوای ئەو هەیانە، باشترین نموونەش بڕینی بودجە و مەسەلەی داعشە، لە ماوەی ئەو چەند ساڵەی کە گەلی کوردستان برسی دەکرێن و بودجەیان بڕاوە، نە یەك دەنگی پەرلەمانتارانی عەرەب، نە مەرجەعییەتێك، نە لە گەلانی عێراقمان بیست دژ بەو سزادانە بەکۆمەڵەی گەلی کورد بێنە دەنگ، ئەو بەو مانایە دێ کە ئەوان لەسەر هەرشتێك ناکۆك بن، بەڵام لەسەر ئەوە کۆکن کە گەلی کورد نابێت بژین، لە جەنگی داعشیشدا دەبینین کە حکومەتە نیشتمانییەکەی عێراق بودجەی پێشمەرگە نادات، تەنانەت ئەو هاوکارییانەش کە وڵاتان دەینێرن بۆ پێشمەرگە، ناهێڵێت بگات. لە مەسەلەی کەرکووکدا سوننە و شیعە و مەرجەعییەت و حکومەت و سیاسییەکان هەموو یەك دەنگ و یەك رەنگن. ئەمانە هەمووی پێمان دەڵێت کە لە راستیدا کوردستان دنیایەکیترە و هیچ ئایندەیەکی لەگەڵ عێراقدا نییە.

لە سەرێکیترەوە ئێستا وەك دەردەکەوێت، کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی گەیشتۆتە ئەو قەناعەتەی کە سایکس پیکۆ هەڵەیەکی گەورەی مێژوویی بووە و دەبێت راست بکرێتەوە، کرۆکیی سایکس پیکۆش لە سەرمەسەلەی کوردستان راوەستاوە. گەورەترین لاسەنگی لە سایکس پیکۆدا بریتییە لە کوردستانی لەتلەتکراو. کەواتە راستکردنەوەی هەڵەی سایکس پیکۆ بریتییە لە هاتنە دنیای قەوارەیەکی سەربەخۆ بۆ کورد.

ئایا کەسێك هەیە لەناو کوردا دژی پرسی سەربەخۆیی بێت؟ بێگومان کەسانێك هەن گۆشکرابن لەسەر کۆیلایەتی، یاخود بەهۆی هاوکێشە سیاسییەکانەوە دژایەتی ئەو پرسە بکەن، بەڵام لە راستیدا هیچ کەس ناتوانێت لە بەردەم ویستی نەتەوەیەکدا رابوەستێ، لەبەر ئەوە پێموانییە لایەنێك هەبێت بتوانێت دژایەتی ئەو خەونە بکات.

ئایا ئەم پرسە مۆرکی هیچ حزبێکە؟ نەخێر بەڵکو ئازادی و سەربەخۆیی خەونی بچووکترین منداڵی کورد و پیرترین پیاوی کوردە، باوکم لە تەمەنی هەشتا ساڵیدا دەڵێ: تەنیا یەك رۆژ سەربەخۆیی کوردستانم دەوێت، ئیتر هیچیترم نەماوە لە دنیادا هیوای بۆ بخوازم.

ئێستا بابڵێین ئەدی ریفراندۆم بۆچی؟ هیچ گومانی تێدا نییە کە هەموو گەلی کورد دەنگ دەدەن بە سەربەخۆیی بۆ کوردستان، کەواتە چ پێویست دەکات ئێمە لەو بوارەدا کات و توانا وپارە خەرج بکەین؟ بەڵام ریفراندۆم ڤیزایەکی فەرمییە گەل دەیداتە دەست سەرکردایەتی سیاسی بۆ ئەوەی هەر کاتێك ژینگەی سیاسیی نێودەوڵەتی لەبار بوو، بێ دواکەوتن و بێ ئەوەی ناچار بێت جارێکیتر بگەڕێتەوە بۆ دەنگی خەڵك، بڕیاری خۆی بدات.

**کورد داوای مافی خۆی ناکات وەک رەگەزپەرستێک، بەڵکو وەک باڵندەیەکی ترساو وایە کە دەیەوێت هێلانەیەکی ئارامی هەبێت، نەک هەر رۆژێک راوچییەکی دڕندە ئارەزووی کرد بتوانێت هێلانەکەی برووخێنێت و بەچکەکانی بخوات**

واته ریفراندۆم بەخشینی شەرعییەتە بە سەرکردایەتی سیاسی کە بە ناوی گەلەوە لە هەر ساتەوەختێکی گونجاودا بێت، ئەو سەرکردایەتییە ڕێکارەکانی سەربەخۆیی بگرێتەبەر.

بەڵام ئایا دوای ریفراندۆم یەکسەر سەربەخۆیی دێت؟ بێگومان نەخێر، پێموایە مەسەلەی سەربەخۆیی گەلێك ئاڵۆزترە لەوەی بە سادەیی سەیربکرێت. پێناچێت لە ئێستادا ژینگەی نێودەوڵەتی و ژینگەی ناوچەییش بە ئاسانی ئەم پرسەیان پێ پەسەند بکرێت. سەرکردایەتی کوردیش دەیەوێت بە میکانیزمێکی گونجاو و دوور لە هەڵچوون و پەلەکردن ئەم کارە ئەنجام بدات، چونکە هەر کارێکی هەڵچوناوی نەك خەسارەتی گەورەی لێدەکەوێتەوە، بەڵکو لەبارچوونی پرۆژەکەشی لێدەکەوێتەوە، لەبەر ئەوە سەرکردایەتی سیاسی پێویستی بە سیاسەتی هەنگاو بە هەنگاو و ئاساییکردنەوەی مەسەلەی سەربەخۆیی هەیە.

مەبەستم لە ئاساییکردنەوە ئەوەیە کە باسکردنی مەسەلەکە لە حەرامەوە دەربچێت و بێتە ناو کایەی شیاوەکانەوە، (ممکنات). تا ماوەیەك پێش ئێستا باسکردنی سەربەخۆیی لە تابۆکان بوو، بەڵام ئێستا ئاسایی بۆتەوە، ئەوەش هەنگاوێکە بەرەوپێش. دەکرێت هەنگاوەکانیتر بە پشتیوانی ژینگەی لەبەر یەك هەڵوەشاوی عێراق و ناوچەکە وابکات حکومەتەکان خۆیان بگەنە ئەو قەناعەتەی کە کوردستانێکی سەربەخۆ وەك دراوسێیەکی باش چارەسەرێکی گونجاو دەبیت بۆ سەقامگیربوونی خۆرهەڵات، بەتایبەتی دەبێت تورکیا و عیراق و ئێران بگەنە ئەو قەناعەتەی کە کوردستانێکی ئارام و جێگیر باشترین میکانیزم دەبێت بۆ ئەوەی لە وڵاتەکانی خۆشیاندا ژینگەی سیاسی جێگیرتر بێت.

لەوانەیە گەیشتنە ئەو قەناعەتە لەلایەن دراوسێکانەوە گەلێك سەخت بێت، بەڵام ڕێگەیەکی زامنترە، دەنا جەنگێك لەو پێناوەدا هەموو دنیا دەسووتێنێت. بێگومان پشتیوانیی نێودەوڵەتی باشترین گەرەنتییە بۆ ئەوەی کوردان بتوانن ستراتیژی خۆیان لەو بارەوە سەربخەن.

لە ئێستادا ئەوانەی دژی ریفراندۆمن کێن؟

ئەوانەی دژی ریفراندۆمن چەند جۆرێکن:

-یەکەمیان: کەسانی دڵسۆزن، بەڵام وا دەزانن کارێکی لەو جۆرە لە ئێستادا سەرکێشییەکی گەورەیە و پێدەچێت ببێتە هۆی لەدەستدانی ئەو دیفاکتۆیەی ئێستا هەیە، بێگومان هەموو کەسێکی دووربین ئەو ترسەی هەیە و سەرکردایەتی کوردیش ئەو مەترسییانە دەزانن، بەڵام ئیتر ئەمە ئەوە ناگەیەنت کە ئێمە ئامادەی هەندێك قوربانی نەبین لە پێناوی مەبەستێکی گەورەتر و مێژووییتردا.

- دووەمیان: ئەوانەن کە لە ژێر هەژموونی عێراقچێتی بە عەقڵیەتی نێونەتەوەیی بیردەکەنەوە، وادەزانن مەسەلەی دەوڵەتێکی نەتەوەیی مەسەلەی ناسیۆنالیزم و ڕەگەزپەرستییە، بۆیە پێیان نەنگییە باس لە دەوڵەتی کوردی بکەن، من ئەوانەم لە کەسانێکی یۆتیۆپی دواکەوتوو بەلاوە زیاتر نییە، ئاخر ئێمە دەزانین مێژوو سەلماندی کە عێراق هەرگیز ناتوانێت ببێتە دەوڵەتی هاووڵاتیبوون، واتە مرۆڤ لەم وڵاتەدا بە بەهای مرۆڤبوونی بپێورێت، بەڵکوو عێراق وڵاتێکە مرۆڤ تێیدا بە مەزهەب دەپێورێت. ئێمە دەمانەوێت وەك ئینسانی ئازاد لەسەر خاکی خۆمان بژین، نەك لە ناو خاکی خۆشماندا کۆیلە بین. عێراقچییەکان هەمان ئەقڵییەتی کۆمۆنیستی توندڕەون وبەرگی جوانتریان پۆشیوە، ئەو کەسە یۆتۆپیانە بیریان چۆتەوە کە کورد لەهەر چوار پارچەکەی کوردستاندا تا ئێستا کەمترین مافی مرۆڤبوونیشی پێ ڕەوا نابیندرێت، ئەو عەقڵییەتە تەنیا ئەقڵیەتی دەسەڵات نییە، بەڵکوو گەلەکانیش هەر وان، ئایا لە ئێراندا یەك فارس هەیە بە کوردی ڕەوا ببینێت خاوەنی مافەکانی خۆی بێت، یان لە تورك و عەرەبدا هەیە؟ بیگومان شتی وا لە خەیاڵدا نەبێت، لە واقیعدا نییە.

کورد داوای مافی خۆی ناکات وەك ڕەگەزپەرستێك، بەڵکو وەك باڵندەیەکی ترساو وایە کە دەیەوێت هێلانەیەکی ئارامی هەبێت، نەك هەر ڕۆژێك راوچییەکی دڕندە ئارەزووی کرد بتوانێت هێلانەکەی بڕووخێنێت و بەچکەکانی بخوات.

ئەو جۆرانە تا ئێستا جیاوازی ناکەن لە نێو ناسیۆنالیزمی داگیرکەر لەگەڵ مافی نەتەوەیەکدا لە ژیاندا، لە کاتێکدا یەکەمیان لە فەرهەنگی دنیادا بێزراوە، بەڵام دووەمیان لە کرۆکیی جاڕنامەی مافەکانی مرۆڤە ساڵی ١٩٤٨.

سێیەم گرووپ ئەوانەن کە بوونەتە مینبەری کەسانی دیکە، واتە بە گوێرەی ئەجیندای دوژمنانی سەربەخۆیی کورد جووڵە دەکەن و هاوکێشەکانی خۆیان وا تایم داوە کە دژ بێت لەگەڵ مەسەلەی کوردستانێکی سەربەخۆدا، تەسکبینی ئەمانە لەوەدایە کە هەندێکجار لە پێناوی ململانێی حزبی و بەرژەوەندیخوازیدا ئامادەن دژایەتی مێژوو و ئایندە بکەن تەنیا لە پێناوی جەنگێکی دەروونی خۆیاندا.

کوردستانێکی سەربەخۆ قەدەرێکی حەتمییە و دەبێت بێتە دی.. چۆن و کەی؟ ئەوەیان دەبێت باس بکرێت، هەر کەسێکیش بە ڕووی خەونی گەلەکەیدا بوەستێتەوە، مێژوو نەفرەتەکانی خۆی بۆ ڕەوانە دەکات.

**مێژوو سەلماندی کە عێراق هەرگیز ناتوانێت ببێتە دەوڵەتی هاووڵاتیبوون، واتە مرۆڤ لەم وڵاتەدا بە بەهای مرۆڤبوونی بپێورێت، بەڵکو عێراق وڵاتێکە مرۆڤ تێیدا بە مەزهەب دەپێورێت. ئێمە دەمانەوێت وەک ئینسانی ئازاد لەسەر خاکی خۆمان بژین، نەک لە ناو خاکی خۆشماندا کۆیلە بین**

**ریفراندۆم ڤیزایەکی فەرمییە گەل دەیداتە دەست سەرکردایەتی سیاسی بۆ ئەوەی هەر کاتێک ژینگەی سیاسیی نێودەوڵەتی لەبار بوو، بێ دواکەوتن و بێ ئەوەی ناچار بێت جارێکیتر بگەڕێتەوە بۆ دەنگی خەڵک، بڕیاری خۆی بدات**

**ئازادی و سەربەخۆیی خەونی بچووکترین منداڵی کورد و پیرترین پیاوی کوردە، باوکم لە تەمەنی هەشتا ساڵیدا دەڵێ: تەنیا یەک ڕۆژ سەربەخۆیی کوردستانم دەوێت، ئیتر هیچیترم نەماوە لە دنیادا هیوای بۆ بخوازم**

# بە سەربەخۆیی کوردستان کێشەکان ساغ دەبنەوە



شازاد ئەنوەر
تایبەت بۆ گوڵان نووسیویەتی

ڕەقە یەکێکە لە شارە گرینگ و ستراتیژییەکان (لە ڕووی جیۆپۆلەتیکی سووریا) لە مێژوودا، دوای سووتانی بەغدا و فڕێدانە کتێبخانە ئەستوورەکەی بۆ ناو ئاوی دیجلە، ڕەقە دووەم شار بوو سووتێندرا و ئاداری بەسەر پاداریەوە نەما. پێکهاتەی ئەو شارە هەمە جۆرە و جگە لە شیعە، کورد و عەرەب و مەسیحی لەخۆ گرتووە، هەروەها یەکێکە لە دەوڵەمەندترین ناوچەکانی خاکی سووریا کە زۆربەی پترۆڵی لە هەناوی خۆی گلداوەتەوە. ئەمێستاش کە بڕیارە ئازاد بکرێ و لە چنگاڵی داعش دەربهێندرێ بۆ ئەمەریکییەکان بە پلەی یەکەم گرینگە، چونکە لە سەروبەندی حوکمی ئۆباما پاش کوشتنی بن لادن هیچ سەرکەوتنێکی گەورەی سەربازی بەسەر تیرۆریستان تۆمار نەکراوە.

سەرەتا دەبێ بزانین داعش بۆچی شاری ڕەقە-ی بە پایتەختی خەلافەتی خۆی هەڵبژارد؟ وەك ئاماژەم پێدا ڕەقە لە بواری کانزا و پترۆڵ دەوڵەمەندە، داعش ویستی سوودی لێ ببینێ و بە هۆی فرۆشتنی نەوت ئابووریی ڕێکخراوەکەی دابین بکات. بەغدادی چاوەڕێ نەبوو پیاوێکی وەکو مالیکی موسڵی پڕ لە خێروبێری لەسەر سینییەکی زێڕ پێشکەش بکات. بۆیە لەوێ بنەیان خست و پاشان هێدی هێدی بەرەو ڕومادی و موسڵ و فەلوجە و تکریت قەڵەمڕەوی خۆیان فراوان کرد و ئاقیبەت بە هۆی هەڵەی بەشێکی سەرەکی لە شیعەی سیاسی بە سەردەستەیی نوری مالیکی شەڕەکە بە درێژایی پتر لە هەزار کیلۆمەتر بەرۆکی کوردستانی گرتەوە و تا ئێستاش بەردەوامە. هاوکات وەك کارزانانی سیاسی باسی دەکەن، ئەگەر کار وا بڕوا و حەشدی شەعبی بیەوێت لە ئازادکردنی موسڵ بەشدار بێ و بە دەردی سەلاحەدین و دیالە و ڕومادی و ...تاد ببات، ئەستەمە ئەمساڵیش ئازادکردنی ئەو شارە گرینگە بێتە واری جێبەجێکردن.

بێگومان هەر ئەوەش وای لە ئەمەریکا و هاوپەیمانانی کرد، ئەولەوییەت لە موسڵەوە بگۆڕن بۆ شاری ڕەقە.

لێرەدا پرسیارێك خۆی فەرزدەکات، ئایا بە ئازادکردنی ڕەقە و فەلوجە و تەنانەت موسڵیش داعش ڕیشەکێش دەکرێ؟

مەگەر هەر داعش نەبو پاڵاوگەی بێجی جێهێشت و شەڕی بردە ڕومادی، دواتر بەرەبەرە چۆڵی کرد و چووە فەلوجە و ئێستاش بەرەو ناوچەی دیکە، واتا دەکرێ لە شارێك چۆکی پێ دابدەی و دەریپەڕێنی، بەڵام ئەو ڕاکا بۆ ئەو کەلەبەرەی دروست بووە و لەوێ خۆی قایم کا و دەست پێ بکاتەوە؟ مەبەستمە بڵێم، سوپای عێراق توانای ئەو شەڕە تاقەت پڕووکێنەی هەیە لە کاتێکدا خودی ماڵی شیعە و بەغدا هیچ خەمێکیان نەماوە تەنیا ئەوە نەبێ ئاخۆ دەکرێ ناوچەی خەزرا لە بەغدا بپارێزن؟!

بە کورتی پێموایە ئەو گەمە موخابەراتییە هەرێمایەتییە بە پلەی یەکەم دەبێ چارەی بنچینەیی بۆ بدۆزرێتەوە، ئەو چارەسەرەش بە حکومەتە شلکیەکەی عەبادی ناکرێ کە ئەگەر کۆڵەگەکەی (ئێران و قاسم سولەیمانی) نەبێ، هەر چوار پەلی دەشکێ و ڕاست نابێتەوە. بۆیە لە سەر ئەمەریکایە نفوزی خۆی بە تەواوی بەکار بهێنێ، ئەگەرنا یاریی هەرێمایەتی نێوان تورکیا ـ ئێران ـ کەنداو مەحاڵە ڕێگە بدەن ئارامی بۆ عێراق و سووریای داتەپیو بگەڕێتەوە. ڕەنگە دەستپێکیش پشتیوانی کوردستان بێ بۆ سەربەخۆیی، ئەوسا شیعە حیسابی خۆی دەزانێ و سوننەش دەبێ بیرێکی جدی لە حاڵی خۆیان بکەنەوە.





ساسان عەونی

تایبەت بۆ گوڵانی نووسیوە

-١-

سایکس پیکۆ ئەگەرچی دابەشکردنێکی بەرژەوەندخوازانەی کۆلۆنیالیزمی بەریتانیا و فەرەنسا بوو بۆ ئەو بەشەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە چەندین سەدە بوو لە ژێر فەرمانڕەوایی دەوڵەتی عوسمانیدا بوو، بەڵام لێکەوتە و ئەنجامەکانی بۆ چەند میللەتێکی ناوچەکە کارەساتی گەورەی بەدواوە بوو. ئەگەر بۆ میللەتی کورد تەنیا بووە هۆی جارێکی تر دابەشکردنەوەی خاکەکەی، بەڵام بۆ هەندێ نەتەوەی تری وەك ئەرمەن و ئاشوورییەکان بووە هۆی داخستنی فایلی گەورەی کۆمەڵکوژی و راگواستنیان لەسەر خاکی خۆیان، کە لە ئەنجامدا بوونە دوو میللەتی بێ خاك و بەردەوام هەڕەشەلێکراو. بۆیە زەرەرمەندە گەورەکانی سایکس پیکۆ بە پلەی یەکەم ئەرمەن و ئاشوورییەکان و میللەتی کوردن.

ئەوەی جێی سەرنجە کە ئەو رێککەوتنامەیە بۆ دوو میللەتی تری ناوچەکە بووە خاڵی وەرچەرخان و هۆکار بۆ دروستبوونی دەوڵەت. عەرەب ئەگەرچی بەردەوام خۆیان بە قوربانی دەستی سایکس پیکۆ نیشان دەدەن، بەڵام بە هۆی ئەم رێککەوتنەوە، لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بوونە خاوەنی چەندین دەوڵەتی نەتەوەیی، کە ئەگەر هەر سەرنجێك لەسەر جۆر و شێوازی دروستبوونەکە هەبێت، بەڵام لە ئەنجامدا دەوڵەتی نەتەوەیی عەرەبن. سوودمەندی دووەم لەو رێککەوتنە جووەکان بوون کە لە دوای سەدان ساڵ لە پەرت بوون و هەڕەشەی لەناوچوون، دوای ساڵێك لە رێککەوتنەکە لە ساڵی ١٩١٧ بەڵێنیان پێدرا کە ببنە خاوەنی نیشتمان و دواتریش دەوڵەتی سەربەخۆ.

جگە لە بەرژەوەندی، فاکتەری ئامادەیی، ئامادەیی بژاردەی سیاسی و میللی لە سەروبەندی گۆڕانکارییە گەورەکان، هۆکاری هەرە گرینگی گەیشتنی میللەتانن بە مافی چارەنووسیان. ئامادەیی عەرەب و جوولەکە لە سەروەختی گۆڕانکارییەکان لە سایکس پیکۆ و نائامادەیی ئەرمەن و ئاشووری و کورد لەو سەردەمانەدا، عەرەب و جوولەکەی کردە خاوەنی دەوڵەت و ئەرمەن و ئاشوورییەکانی دوای کۆمەڵکوژی رووبەڕووی راگواستن و کوردیشی بە چارەنووسی دابەشکردن سپارد.

-٢-

هۆشیاربوونەوە بەرامبەر سیاسەتی لکاندن و توانەوە و رەتکردنەوەیان، یاخیبوون و گرتنەبەری شۆڕش و بزووتنەوەی چەکداری کردە رێگای میللەتی کورد لەو پارچانەی کە بەسەری دابەشکرا. بەڵام جارێکی تر نائامادەیی بووە یەکێك لەو فاکتەرانەی کە شۆڕش و بزووتنەوە چەکداریەکانی ساڵانی بیست و سییەکانی سەدەی بیستەم رووبەڕووی شکان و کۆمەڵکوژی ببنەوە.

لە ئەنجامدا دوای ٣٠ ساڵ لە سایکس پیکۆ، پارتی دیموکراتی کوردستان بە رێبەریی (مستەفا

# ئامادەیی هۆکارێک بۆ سەربەخۆیی

بارزانی) لە ساڵی ١٩٤٦وە بووە ئەو بزاڤە سیاسی و شۆڕشگێڕییەی کە یەکێك لە کارەکانی بووە دروستکردنی ئامادەیی سیاسی و میللی خەڵکی کوردستان و پاراستنی ناسنامە و شوناسی نەتەوەیی میللەتی کورد و پێکهاتەکانی تری کوردستان و دیاریکردنی پانتایی خاکی کوردستان وەك نیشتمانێك بۆ هەمووان.

لەوساوە تا ئێستا، دوای ٧٠ ساڵ لە تەمەنی پارتی دیموکراتی کوردستان و ١٠٠ ساڵ لەو رێککەوتنە نادادپەروەرە، دوای سەدان هەزار قوربانی و تێکۆشانێکی بێ سرەوتنی خەڵکی کوردستان و بزووتنەوە سیاسییەکەی، دوای بەڕێکردنی زۆر قۆناغی جیا و گونجان لەگەڵ سەردەمەکان و خۆڕاگری و سەرکەوتن، لە بەردەمی ئەگەری گۆڕانکارییەکی گەورەی دیکە و رێککەوتنێکی نوێی نێوان زلهێزەکانین.


-٣-

دوای ٢٥ ساڵ لە راپەڕین و خۆبەڕێوەبردن، ئامادەیی میللی لە ململانێی مانەوە و خۆسەلماندن، گۆڕاوە بۆ سەربەخۆیی، ئەم ئامادەییە میللیە ئەگەرچی هیوایێکی زیندووەی هەر تاکێکی کوردستانی بووە، بەڵام بە کارکردنی بزووتنەوە سیاسییەکە و بژاردەکەی، لە قۆناغی تەنیا هیوا بوونەوە خەریکە بنچینەکانی دەچەسپێ و لە گەیشتن بە ئاکام نزیك دەبێتەوە.

لە مێژووی میللەتان دروستکردنی ئەم ئامادەیی و ئامادەبوونە میللییە بۆ سەربەخۆیی، کاری سەرکردە و رێبەرە کاریزماتیك و حەکیمەکانە کە دەتوانن لە دژوارترین ساتەوەختە مێژووییەکان، ئەم ویستە لە ناخی خەڵکدا دروست بکەن و بە رێگا راستەکەدا ئاراستەی بکەن. سەرکێشی ئەم بزووتنەوە سیاسییەی ئەمڕۆش بەرەو سەربەخۆیی و دروستکردنی ئامادەیی و خۆدامالین لە پاشماوەی ١٠٠ ساڵ لە زوڵمی مێژوویی سایکس پیکۆ، سەرۆك مسعود بارزانی و پارتی دیموکراتی کوردستانن.

ئەگەرچی هەڵمەتێکی هەرێمی و (بەداخەوە) کوردستانیش کار لەسەر بێ هیوابوون و نائومێدی و رەشبینی دەکەن، تا لە ئەنجامدا هەستی نائامادەیی و نائامادەبوون لە نێوناخی کوردستانییان بەرامبەر گۆڕانکارییە گەورەکان دروست بکەن و بانگەوازی سەربەخۆیی وەك پڕوپاگەندە لە قەڵەم دەدەن، بەڵام ئاشکرایە کە رەوتی سەربەخۆخوازی و بڕوابەخۆبوون و هەستکردن بە شانازیی نەتەوەیی و نیشتمانی گەیشتۆتە ئاستێك کە پرسی سەربەخۆیی نە رێگای لێ دەگیرێت، نە دەشتوانرێت رەوتی رۆژگار بوەستێندرێ و مێژوو بۆ دوا بگەڕێندرێتەوە.

رێبوارانی رەوتی سەربەخۆیی لە داهاتوو شانازی تۆمار دەکەن، ئەوانەش کە دەڵێن پڕوپاگەندەیە، وەك چۆن ئێستا پاساو بۆ رابردوو دەهێننەوە، لە ئایندەش دەبێت پاساو بۆ ئێستا ئامادە بکەن.



**رۆبەرت هووپەر وانەبێژە لە سكوڵی سیاسەت و ستراتیژیەتی جیهانی، پێشتریش لە زانكۆی كالیفۆڕنیا، سان دیاگۆ، بەڕێوەری پرۆژەی (برەودان بە راگەیاندنی سەربەخۆ و ئازاد لە ڤیجی) بووە، لە توێژینەوەكانیدا بایەخ بە رۆڵی راگەیاندن دەدات لە چارەسەركردنی ناكۆكیی نێوان گروپە ئیتنییەكان، تیرۆریزم و سیاسەتی ژینگە و مافەكانی مرۆڤ. بۆ تیشك خستنەسەر پەرەسەندن و ئاڵوگۆڕەكانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و كێشەی سوننە و شیعە و ئەگەری دروستبوونی هاوپەیمانێتی نوێ لە ناوچەكە و پێگەی هەرێمی كوردستان لەم ناوچەیەدا گوڵان دیمانەیەكی لەگەڵدا سازكرد و ئەویش بەم شێوەیە وەڵامی پرسیارەكانی دایەوە.**

**رۆبەرت هووپەر** وانەبێژ لە سكوڵی سیاسەت و ستراتیژیەتی جیهانی بۆ گوڵان:

# كوردستان دوورگەیەكی لێبووردەیی و پێكەوەژیانە لە نێو دەریایەك لە شەڕ و ئاژاوەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا

*** ئەوەی لەسەر مێزەكانی دیپلۆماتی بۆ چارەسەركردنی كێشەكانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و كۆتاییهێنان بە داعش باسی لێوە دەكرێت لەسەر ئەرزی واقیع پێچەوانەیە، هەر بۆ نموونە، لە رێككەوتنی جنێڤی ٣ باس لە قۆناخی ئینتیقالی بۆ سووریا دەكرێت، بەڵام ئەسەد یاری بەم بڕیارە دەكات، ئایا ئەمە مانای ئەوە نییە هێشتا كۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بە نیازە لە چوارچێوەی سنوورە كۆنەكان كێشەكە چارەسەر بكات، كە ئەمەش لە مەحاڵێكی سیاسی دەچێت؟**

- ئەمە ریشەی كێشەكەیە: تەكنەلۆژیای بەربڵاوی پێوەندیكردن، پڕچەككردن، سیاسەت، هاوپەیمانێتییە ستراتیژییەكان و دابەشبوونە دیموگرافی و تایفەگەری و ئایینیەكانی سەدەی ٢١ و رووبەڕووبوونەوەی ئەو سنوورە سیاسییانەی لە سەرەتای سەدەی ٢٠ـەوە كێشران لەلایەن هێزە گەورەكانەوە بۆ ئەو دەوڵەتە نەتەوەییانەی لە پاشماوی ئیمپراتۆریەتی عوسمانییەوە مابوونەوە لە دوای جەنگی یەكەمی جیهانی. رێككەوتنی سایكس پیكۆ لە ساڵی ١٩١٦ هێڵەكانی كێشا و رێككەوتنی لۆزان-ی بە دواداهات لە ساڵی ١٩٢٣دا و دەوڵەتی توركیای هاوچەرخی دامەزراند. بە دڵنیاییەوە، توركیا لە نێو جەرگەی ئەنادۆڵی

عوسمانی پێکهێنرا، کە سنووری عێراق و سووریاش کێشران، کە مایەی ناکۆکی بوون، ئەمەش لە غیابی کۆنترۆڵکردنێکی خۆسەپێنییەکی توندا روویدا. توێژەران بەم حاڵەتە دەڵێن: (تەنگژەی ئەمنی)، هەندێ کەسیش پێشبینی دەرئەنجامێکی هاوشێوەیان کرد بۆ داگیرکارییەکەی عێراق لەلایەن ئەمەریکاوە، کە سەرئەنجامێکی خراپی لێکەوتەوە. لەگەڵ بەهاری عەرەبیدا لە ساڵی ۲۰۱۱، کاریگەرییەکە پەڕیەوە بۆ سووریا، لە ئێستاشدا تەنیا تونس قۆناخێکی ئینیتقالی سەرکەوتوو- بەڵام لەرزۆکی- بەڕێکردووە، ئەویش لەبەر چەندین هۆکار کە تایبەتن بە مێژووی وڵاتەکەوە. بە کورتی، بەڵێ ئەمە ئەرکێکی قورسە لە سایەی ئەو هەلومەرجانەی لە ئێستادا لە ئارادان. هەروەها دیموکراسییە رۆژئاواییەکان و سەرکردەکانیان رووبەڕووی نائومێدی دەنگدەران دەبنەوە لە بارەی ئەو سیاسەتانەی کە دەبنە مایەی رشتنی خوێنی زیاتر و بە هەدەردانی دارایی زیاتر لە سەر حیسابی ئەولەوییەتە ناوخۆییەکان.

*** زۆربەی چاودێرانی سیاسی گەیشتوونەتە ئەو قەناعەتەی کە جارێکی دیکە سووریا و عێراق نابنەوە بە دەوڵەتی خاوەن سەروەری و یەکگرتوو و یەکپارچە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە جارێکی دیکە رژێمی عەلەوی و بەشار ئەسەد ناتوانێت سوننە لە چوارچێوەی سووریا کۆنترۆڵ بکاتەوە، هەروەها سوننەی عێراقیش جارێکی دیکە ناتوانێت لەگەڵ شیعەی عێراق بژی، بەتایبەتی کە ئێستا میلیشیای شیعەکان لە چەندین شوێن پاکتاوی رەگەزی سوننە دەکەن، پرسیار ئەوەیە کە لە سەر ئەرزی واقیع عێراق و سووریا دابەش بوون، بۆچی هێزە گەورەکان ئەم راستییە ناسەلمێنن؟**

- داگیرکردنی عێراق لە لایەن ئەمەریکاوە و شکستهێنانی لە هێنانەئارای دیموکراسیەتێکی سەرکەوتوو لە سایەی سەروەریی یاسادا، بوونەتە هۆی خێراترکردنی توندوتیژی تایفەگەری و سەرهەڵدانی توندڕەوەی توندوتیژ، لە نێویاندا، ئەلقاعیدە لە عێراق و دواتر داعش. هەروەك لە سەرەتاوە ئاماژەم پێکرد، بەردەوامبوونی (تەنگژەی ئەمنی) بە توندی بۆتە هۆی سنووردارکردنی دەرفەتی هاتنەئارای عێراقێکی یەکگرتوو، سعودیە و ئێران و تورکیا، سیاسەتی تایفەگەرییان کردووە بە بەر ئەو هێزە هەرێمایەتییانەدا کە رۆڵی میانگیری دەبینن، هێزە رۆژئاواییەکانیان ناچار کردووە کە دیپلۆماسیەتێکی سنووردار بگرنەبەر کە دەرهاویشتەیەکی کەمی لێکەوتۆتەوە، وەك حاڵەتی جنێف ۳. هاتنەناوەوەی رووسیاش بۆ نێو گێژاوەکە تەنیا بۆتە هۆی خراپتربوونی بارودۆخەکە. لە دەرئەنجامدا ئەوە شتێکی حەتمی بوو کە ناکۆکیی شیعە و سوننە لە سووریا و عێراقدا دروست ببێت، بەڵام هیچ یەکێك لەم دوو دەوڵەتە خاوەنی مێژووی حوکمڕانیی دیموکراسی نین کە تێیدا سەروەریی یاسا پارێزگاری لە نوێنەرایەتی کەمینەکان و مافە مەدەنی و مرۆییەکانی گروپە کەمینەکان کردبێت. ئاوارە سوورییەکان لە سان دیاگۆ، کالیفۆڕنیا، پێیانوتم کە بەر لە ساڵی ۲۰۱۱ ژیانی ئەوان پارێزراو بووە لە دیمەشق بە چاوپۆشین لەوەی سوننە، یان شیعە بووبێتن، بە مەرجێك لە سیاسەت دوور بکەوتنایەتەوە. هەڵوەشاندنەوەی هێزە چەکدارەکان و ژێرخانە مەدەنییە سەرەکییەکان لە عێراق هاوشان بە هەڵبژاردنی پڕ لە خەوش، سەریانکێشا بۆ بۆشاییەك کە پاشان لەلایەن سەرۆك وەزیران مالیکی و دواتر حەیدەر ئەلعەبادی پڕکرانەوە، بەڵام هیچیان نەیانتوانی رێگری لە هێرشی کتوپڕی داعش بکەن کە لە ساڵی ۲۰۱٤دا ئەم رێکخراوە توانی بەشێکی زۆری عێراق و سووریا داگیر بکات، ئەمە سەرەڕای مەشق و راهێنانی سوپاکەیان لەلایەن ئەمەریکییەکان و پڕچەككردیان بە چەکی پێشکەوتوو کە بواری بەراوردکردنیان نەبوو بە چەکی بچووك و کەم تفاقیی یاخیبووانی داعشەوە. لە کاتێکدا تەحەددییەکانی هەر نەتەوەیەك لە هەندێ رووەوە تەحەددیگەلێکی تایبەتن، ئەوا ئەو دەرسانەی فێری بووین لە کەوتنی رژێمەکەی سۆهارتۆ لە ئەندەنوسیا لە ساڵی ۱۹۹۸(کە ئەمەش تەنگژەیەکی دیکەی ئەمنییە) سوودبەخشن. من لە جاکارتا ژیاوم و کارم بۆ کەناڵە تەلەفزیۆنییە هەواڵییەکانی پایتەخت و ناوچەکانی سوماترا دەکرد و راهێنانم بە رۆژنامەنووسە مەحەلییەکان دەکرد لەسەر ئەوەی بە شێوەیەکی کارا رومالّی رووداوەکان بکەن، بێ ئەوەی لایەنگیریان هەبێت بۆ ئەو نەتەوە دیموکراتییە تازە هاتبۆوە ئاراوە. حکومەتەکەی سەرۆك عەبدولڕەحمان وەحید، کە پیاوێکی ئایینی موسڵمانی رێزلێگیراو بوو، پشتیوانی لەو ئیسلامێکی لێبوردە دەکرد کە هەمووان لە خۆبگرێت، کەوتە بەر هێرشی توندڕەوەکان کە توندوتیژی لێکەوتەوە لە چەند ناوچەیەك. دەکرێت کاردانەوە و وەڵامەکەی ئەو بە سەر عێراق و سووریادا جێبەجێ ببێت، ئەو رایگەیاند کە: «ئەوانەی دەڵێن وەك پێویست موسڵمان نیم، پێویستە دووبارە قورئان بخوێننەوە. ئیسلام بۆ لە خۆگرتن و لێبووردەیی و بنیادنانی کۆمەڵگەیە.» سیاسەتی ئەمەریکا لەو کاتە بریتی بوو لە برەودان بە «ئۆتۆنۆمی بۆ هەرێمەکان» و دروستکردنی هەشت پارێزگای نوێ

**ئەگەر ئێران پیاوە ئایینییەکان لە دەسەڵات لا ببات و ببنە دەوڵەتێکی مۆدێرنی دیموکراتی راستەقینە، ئەوا دەرفەت بە رووی دروستکردنی هاوپەیمانێتیدا دەکاتەوە کە سنووری دابەشبوونی شیعە و سوننە تێپەڕێنێت و کۆتایی بە شەڕی بە وەکالەت بهێنێت**

**ئیسرائیل گەمەکارێکی سەرەکییە هەم لە بنیادنانی ئاشتی و هەم لە بەرەوپێشچوونی ئابووری لە سەرتاسەری ناوچەکەدا. من خوازیاری ئەوەم هەرێمی کوردستانی خۆبەڕێوەبەریی فیدراڵی وەک شەریکێک بۆ گەلی فەلەستین و ئیسرائیل وەک لایەنی سێیەم و میانگیر کار بکات**

**دەکرێت بێلایەنی و لێبووردەیی کوردستان هاوکار بێت بۆ ئەو بارودۆخی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستە کە زیاتر و زیاتر مەترسیدار دەبێت**

**کورتهێنانی گەورە لە خەرجییە سەربازییەکان و دابەزینی نرخی نەوت و هەڵوێستی پڕ لە دژایەتی بەغدا سەریان کێشاوە بۆ دروستبوونی ئەو قەیرانە ئابوورییەی ئێستا لە کوردستاندا هەیە**

لە ئەندەنوسیا، بە ئامانجی کەمکردنەوەی ئاستی توندوتیژی و بنیادنانی حوکمڕانییەکی نوێنەرایەتی بۆ دانیشتووانە مەحەلییەکەی. ئەگەرچی بێ کەم و کوڕی نییە، بەڵام ئەندەنوسیا بە یەکگرتوویی مایەوە و گەشەی کرد. دەکرێت ئەو واقیعە سیاسییەی لە عێراق و سووریا و لیبیا و ئەو دەوڵەتانەی دیکە هەیە – کە ڕووبەڕووی تەحەددی بوونەتەوە- سوود لە داهێنانکاری هاوشێوەی وڵاتی ئەندەنوسیا وەربگرن. ئەوەی پەیوەست بێت بە عێراقەوە، ئەوا مۆدێلی «هەرێمی خۆبەڕێوەبەریی فیدراڵی» بۆ حوکمڕانی کە بە شێوەیەکی کارا گروپە پەراوێزخراوەکان لەخۆ بگرێت و کۆتایی بە شەڕەکە بهێنێت، دەبێتە هۆی گۆشەگیرکردنی داعش و ئەگەری ئەوە هەیە ئەنجامێکی کاریگەریشی لێبکەوێتەوە. سەرووەختێك کە جێگری سەرۆکی ئەمەریکا، جۆزێف بایدن، سیناتۆر بوو، لە وتارێکیدا لە ساڵی ٢٠٠٦، بانگەشەی بۆ دابەشبوونی عێراق بۆ سێ هەرێمی سوننە و شیعە و کورد کرد، پێشنیارەکەی ئەو پێشینەی مێژوویی هەبوو لە دابەشکردنی عێراقدا لە لایەن عوسمانییەکانەوە بۆ سێ ویلایەت (پارێزگا): ویلایەتی موسڵ، ویلایەتی بەغدا، ویلایەتی بەسرە. ڕەنگە خراپیی ئەم ڕێگاچارەیە لە سەرجەم ڕێگاچارەکانی دیکە کەمتر بێت، واتە کار بە هەرێمی خۆبەڕێوەبەری فیدراڵی بکرێت بۆ ڕێگەگرتن لە لێکترازان و توندوتیژی زیاتر.

*** مەترسیی ئێران لە ناو هاوکێشەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زیاتر دەبێت، پێشتر ئێران کۆمەڵێك وەکیلی وەك حزبوڵا و حەماس و حوسییەکانی لە لوبنان یەمەن و فەلەستین هەبوو، بەڵام ئێستا بە هاوشێوەی داعش، هێزی شیعە لە ژێر ناوی چەندین میلیشیای جیاواز دروست دەکات و بە ئاشکراش هەنگاو بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسلامی شیعە (ولایەتی فەقیە) هەڵدەگرێت، ئایا ئەم هەنگاوەی ئێران زیاتر کێشەکان ئاڵۆزتر ناکات و دابەشبوونی نێوان شیعە و سوننە قووڵتر ناکاتەوە؟**

- حەماس گروپێکی ئیسلامی و ئوسوڵگەرای فەلەستینی سوننەیە، کە پێوەندی بە ئیخوان موسلمینی میسرەوە هەیە، بەڵام پەیوەست نییە بە ئێرانەوە. بە پێچەوانەوە، حزبوڵا بە هاوکاری ئێران لە لوبنان دامەزرا و وەك حزبێکی سیاسی لوبنانی و وەك «دامەزراوەیەکی جیهادی سەربازی» کار دەکات و پێوەندی بە سەرۆکی سووریا بەشار ئەسەدەوە هەیە. حەماس بە توندی بەرهەڵستی هاوکاری حزبوڵا لەگەڵ ئەسەد و شەڕی ئەسەد لەگەڵ گروپە سوننییە یاخیبووەکانی سووریاوە دەکات. هەنگاوەکانی سەرجەم هێزە میانگیرەکان- تورکیا و سعودیە و ئێران- سەردەکێشن بۆ ئاڵۆزترکردنی کێشەکە و قووڵکردنەوەی کەلێنی نێوان شیعە و سوننە، ئەمەش بۆتەهۆی دروست بوونی میلیشیای پارتیزانی کە ئەو بۆشاییەیان پڕکردۆتەوە کە بە هۆی کشانەوەی هێزە سەربازییە پڕۆ فیشناڵەکانەوە دروست بووە. برەودان و دەستەبەرکردنی دارایی بۆ بیروباوەڕی وەهابی لە لایەن سعودی و وڵاتانی کەنداوە، هاوشان بە برەودان بە میلیتاریزمێکی شیعی توندڕەو لە لایەن ئێرانەوە زیاتر و زیاتر بوونەهۆی هێنانەئارای بەرمیلێك باروت کە ناوچەکەی وێران کردووە و ئەگەر ڕانەوەستێندرێت، ئەوا بۆ بەشەکانی دیکەی جیهان دەپەڕێتەوە.

*** تەنیا لایەنێك لە هاوکێشەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا نەبووێتە لایەنێك لە کێشەی نێوان شیعە و سوننە کوردە، تەنیا ڕێگەیەکیش بۆ ئەوەی ئەم لایەنە بە بێلایەنی بمێنێتەوە و شەڕی داعش بکات دروستبوونی دەوڵەتی کوردستانە، ئایا تا چەند دەوڵەتی کوردستان هۆکارێکە بۆ تێکشکاندنی داعش و بونیادی سەقامگیری و دیموکراسی لە ناوچەکەدا؟**

- هەرێمی کوردستان دوورگەیەکی لێبووردەییە لە نێو دەریایەك لە شەڕ. لەبەر ئەوەی کوردستان چالاکانە شەڕی داعش و ئەلقاعیدە و میلیشیا تۆڵەسێنەکان – ئیدی لەلایەن ئێرانەوە پشتیوانیان لێ بکرێت، یان هێزە هەرێمایەتیەکانی دیکەوە- دەکات، ئەوا دەکرێت ببێتە مۆدێلێك بۆ هەر ناوچەیەك کە بیەوێت سەقامگیری دەستەبەر بکات و ئایندەیەك مسۆگەر بکات بۆ نەوەکانی داهاتووی. کاتێك لە ساڵی ٢٠٠٨ گەیشتمە کوردستان، جێی سەرسوڕمان بوو بۆ من کە ناکۆکیی ئایینی و تایفەگەریم بەدی نەکرد، ئەمە لە کاتێکدا کوردستان لە ناوچەیەکدایە کە زیاتر و زیاتر مەیلی بۆ توندوتیژی هەیە. لە کوردستان مزگەوتی شیعە و سوننەکان، کڵێسای ڕۆمانی کاسۆلیك و ئۆرسۆدۆکسی ڕۆژهەڵات و کڵێسا مەسیحیەکانی دیکە و پەرستگای جولەکەکان بەدی دەکرێت. هەروەها ئەو هەستی لێبووردەییەی لە شەقام و بازاڕ و کافێکانی کوردستاندا بەدیم کرد، ئەو بۆتەی پڕ لە کەلتوور و ئایینەی بیرخستمەوە کە لە مالیزیا هەیە. لە میانەی کارکردنم لەگەڵ کەناڵە تەلەفزیۆنیەکانی هەولێر و دهۆك و سلێمانی، دووچاری سەرسوڕمان بووم لە ئاستی ئەو چالاکییەی بەدیم کرد لە گواستنەوەی هەواڵەکان و پابەندبوونی ڕۆژنامەنووسانی کوردستانەوە بە کارکردن لەسەر ئاستی ڕۆژنامەنووسی جیهانی، تەنانەت ئەگەر لە سایەی سەختترین هەل و مەرجیشدا ئەم کارە بکەن. لە ئێستادا هەرێمی کوردستان دووچاری قەیرانگەلێکی ئابووری و ئەمنیی سەخت بۆتەوە،

**ئەگەر کوردستان بیەوێت بەردەوام بێت لە شەڕی داعش و بنیادنانی ئاییندە بۆ نەوەکانی داهاتووی، ئەوا دەبێت خواستەکانی لەبەرچاو بگیرێت، ئەگەرنا سەقامگیری لە ناوچەکەدا بەدی نایەت و شەڕ لە دژی داعشیش دەبێتە شەڕێکی درێژخایەن و پڕئازار**

**لە ئێستادا هەرێمی کوردستان دووچاری قەیرانگەلێکی ئابووری و ئەمنیی سەخت بۆتەوە، هاوشان بە بوونی سیاسیەتێکی حزبی ناکارا لە بەغدا و پایتەختە هەرێمایەتییەکانی دیکە. کەوتنی پڕ شەرمەزاری موسڵ لە ساڵی ٢٠١٤ لە بەرامبەر یاخیبووواندا ئەوەی ئاشکرا کرد کە مەرکەز ناتوانێت بەردەوام بێت**

**لە کوردستان مزگەوتی شیعە و سوننەکان، کڵێسای ڕۆمانی کاسۆلیك و ئۆرسۆدۆکسی ڕۆژهەڵات و کڵێسا مەسیحیەکانی دیکە و پەرستگای جوولەکەکان بەدی دەکرێت. هەروەها ئەو هەستی لێبووردەییەی لە شەقام و بازاڕ و کافێکانی کوردستاندا بەدیم کرد، ئەو بۆتەی پڕ لە کەلتوور و ئایینەی بیرخستمەوە کە لە مالیزیا هەیە**

هاوشان بە بوونی سیاسیەتێکی حزبی ناکارا لە بەغدا و پایتەختە هەرێمایەتییەکانی دیکە. کەوتنی پڕ شەرمەزاری موسڵ لە ساڵی ٢٠١٤ لە بەرامبەر یاخیبووانـدا ئەوەی ئاشکرا کرد کە مەرکەز ناتوانێت بەردەوام بێت، سەرەڕای وەبەرهێنانێکی زۆری ئەمەریکا لە مەشق و راهێنان و پڕچەککردندا. کە لە نێو ئەو بۆشاییەی دروست بوو، پێشمەرگە توانیی بەرگری لە سەنگەرەکان بکات، ئەمە سەرباری ئەوەی کە کەموکوڕییان هەیە لە رووی چەك و لە رووی داراییەوە، هەر لە سەر سنوورەکان هەمان بوێری و ئازایەتیمان بەدی کرد لە نێو کوردی سووریادا کە شەڕیان لە دژی داعش دەکرد بۆ رزگارکردنەوەی کۆبانێ. لە باکووری سووریا. کورتهێنانی گەورە لە خەرجییە سەربازییەکان و دابەزینی نرخی نەوت و هەڵوێستی پڕ لە دژایەتی بەغدا سەریان کێشاوە بۆ دروستبوونی ئەو قەیرانە ئابوورییەی ئێستا لە کوردستاندا هەیە. ئەگەر کوردستان بیەوێت بەردەوام بێت لە شەڕی داعش و بنیادنانی ئاییندە بۆ نەوەکانی داهاتووی، ئەوا دەبێت خواستەکانی لەبەرچاو بگیرێت، ئەگەرنا سەقامگیری لە ناوچەکدا بەدی نایەت و شەڕ لە دژی داعشیش دەبێتە شەڕێکی درێژخایەن و پڕئازار. پشتیوانی و دابینکردنی هاوکاریی دارایی بۆ بواری سەربازی لەلایەن ئەمەریکاوە، پەرەسەندنێکی پێشوازیلێکراوە، بەڵام پێویستە کاری زیاتر ئەنجام بدرێت.

*** دیارە لەبەر ئەوەی ئێران لەلایەك خۆی کردۆتە دژی دەوڵەتانی سوننە بەتایبەتی سعودیە و دەوڵەتانی کەنداو، هەروەها لەلایەکی دیکەشەوە داوای نەمانی ئیسرائیل دەکات، ئەوا دەوڵەتانی عەرەبی سوننە و ئیسرائیل بە ئەمری واقیع بوونەتە هاوپەیمانی یەکتری و بە ئاشکراش هاریکاری یەك دەکەن، ئایا تا چەند هاوپەیمانی نێوان سعودیە و ئیسرائیل پارسەنگی هێز بۆ بەرژەوەندی ئاشتی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەگۆڕێت؟**

- لە بنەڕەتدا ئەوەی ئێوە ئاماژەی پێدەکەن بریتییە لەوەی کە (دوژمنی دوژمنەکەم، دۆستمە)، دروستکردنی هاوپەیمانێتیەکانیش هاوکار دەبێت لە سەقامگیرکردنی بارودۆخەکە. تاوەکو کاری زیاتر بکرێت لەگەڵ یەکتردا، تاوەکو هاوپەیمانێتی زیاتر بنیاد بنرێت بۆ دروستکردنی ناوچەیەکی سەقامگیر و گەشەکردوو بۆ خزمەت گەیاندن بە نەوەکانی داهاتوو کە ئومێد بە ئایندەیان لا دروست بکات، ئەوا بارودۆخێکی باشتر دێتەئاراوە. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەگەری ئەوە هەیە کەسایەتییەکانی نێو دامەزراوەی ئایینی لە سعودیە سەرسەختانە بەرهەڵستی دروستکردنی هاوپەیمانێتی لەگەڵ ئیسرائیلدا بکەن، من لەوە دڵنیا نیم کە چۆن دەتوانین بەسەر ئەمەدا زاڵ بین. هەندێ کەس پێشنیاری ئەوە دەکەن کە ئەگەر دەخوازرێت ئەم هاوپەیمانێتییە سەرکەوتوو بێت، ئەوا دەبێت ئیسرائیل بەرەوپێشچوون بەدی بێنێت لە چارەسەرکردنی کێشەی فەلەستیندا. بێگومان ئیسرائیل هاوپەیمان و شەریکی ئەمەریکایە، سەرباری ئەو جیاوازییە سیاسییانەی لە سیاسەتی ئەمەریکادا بەدی دەکرێت. من وەك کەسێك کە پشتیوانی لە ئەو چارەسەرە دەکەم کە دروستکردنی دەوڵەت لە خۆدەگرێت و ئامانج لێی هێنانەدی ئاشتی و دروستکردنی نیشتمانێکە بۆ فەلەستینییەکان، ئەوا پێموایە ئیسرائیل بە گەمەکارێکی سەرەکی دەزانم هەم لە بنیادنانی ئاشتی و هەم لە بەرەوپێشچوونی ئابووری لە سەرتاسەری ناوچەکەدا. من خۆم خوازیاری ئەوەم کە هەرێمی کوردستانی خۆبەڕێوەبەریی فیدراڵی چالاکانە بەشداری لەم پرۆسەیەدا بکات، وەك شەریکێك بۆ گەلی فەلەستین و ئیسرائیل. وەك لایەنی سێیەم و میانگیر، دەکرێت بێلایەنی و لێبووردەیی کوردستان هاوکار بێت بۆ ئەو بارودۆخی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستە کە زیاتر و زیاتر مەترسیدار دەبێت. ئەوەی پێوەندی بە ئێرانەوە هەبێت، ئەگەر ئێران پیاوە ئایینییەکان لە دەسەڵات لا ببات و ببنە دەوڵەتێکی مۆدێرنی دیموکراتی راستەقینە، ئەوا دەرفەت بە رووی دروستکردنی هاوپەیمانێتیدا دەکاتەوە کە سنووری دابەشبوونی شیعە و سوننە تێپەڕێنێت و کۆتایی بە شەڕی بە وەکالەت بهێنێت. ئێمە تەنیا دەتوانین ئومێد بخوازین.

*** ئێستا زۆر لە سیاسەتمەدار و ئەکادیمیستەکان باس لەوە دەکەن هەتا نەخشەی سایکس پیکۆ کۆتایی نەیەت و دەوڵەتانی ناوچەکە لە چوارچێوەی نەخشەیەکی دیکە رێکنەخرێتەوە، ناتوانرێت سنوورێك بۆ دەستێوەردانی دەوڵەتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دابنرێت، ئایا تا چەند گۆڕانکاری لە سنوورەکاندا ئەم سیستەمە فاشیلەی دەوڵەت لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست رێکدەخاتەوە؟**

- دارشتنەوەی نەخشەیەکی نوێ بۆ رۆژهەڵاتی ناوەڕاست شتێکی حەتمییە. پرسیارەکە ئەوەیە ئایا کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی جڵەوی ئەم پرۆسەیە دەگرێتەدەست، یاخود ئەوە بەدی دەکەن کە سەرەڕای ئەوانیش نەخشەیەکی نوێ دادەڕێژرێتەوە، کە ئەگەری ئەوە هەیە نەخشەیەکی خراپتریش بێت. ئەگەری ئەوە هەیە لە نێو وڵاتانی دیکەدا، ئێران و تورکیا و سعودیە و رووسیا دەستێوەردان بکەن، بەڵام دەستەوەستانی یەکێك نییە لە بژارەکان.

**هەنگاوەکانی سەرجەم هێزە میانگیرەکان- تورکیا و سعودیە و ئێران- سەردەکێشن بۆ ئاڵۆزترکردنی کێشەکە و قووڵکردنەوەی کەلێنی نێوان شیعە و سوننە، ئەمەش بۆتەهۆی دروست بوونی میلیشیای پارتیزانی کە ئەو بۆشاییەیان پڕکردۆتەوە کە بە هۆی کشانەوەی هێزە سەربازییە پرۆفیشناڵەکانەوە دروست بووە**

**برەودان و دەستەبەرکردنی دارایی بۆ بیروباوەڕی وەهابی لە لایەن سعودی و وڵاتانی کەنداوە، هاوشان بە برەودان بە میلیتاریزمێکی شیعی توندڕەو لە لایەن ئێرانەوە زیاتر و زیاتر بوونەهۆی هێنانەئارای بەرمیلێك باڕووت کە ناوچەکەی وێران کردووە و ئەگەر رانەوەستێندرێت، ئەوا بۆ بەشەکانی دیکەی جیهان دەپەڕێتەوە**

**سعودیە و ئێران و تورکیا، سیاسەتی تایفەگەرییان کردووە بە بەر ئەو هێزە هەرێمایەتییانەدا کە رۆڵی میانگیری دەبینن، هێزە رۆژئاواییەکانیان ناچار کردووە کە دیپلۆماسیەتێکی سنووردار بگرنەبەر کە دەرهاویشتەیەکی کەمی لێکەوتۆتەوە**

# مێجەر نۆئێل
# لۆرانسی نەناسراوی کورد



پ. د. فوئاد حەمە خورشید
تایبەت بە گولان نووسیوەتی

مێجەر نۆئێل (مێجەر ئێدوارد ولیەم چارلس نۆئێل) لەسەروبەندی داگیرکردنی عێراقدا لەلایەن بەریتانیاوە وەك سیاسەتمەدارێکی ئینگلیز و لایەنگری دۆزی نەتەوەیی کورد بەدەرکەوت، هەر لە دامەزراندنیەوە وەك راوێژکاری شێخ مەحمودی حەفید لەساڵی ١٩١٨ و تا کۆتایی کۆنگرەی قاهیرە، یان( کۆنگرەی چل دزەکان) بە گوتەی خودی چەرچل لە ساڵی ١٩٢١.

مێجەرنۆئێل لە کۆلێژی گوتاربێژی لە پەرمەنگەهام و لە ئەکادیمیای سەربازیی پاشایەتی لە کێنت خوێندوویەتی، هاوکات پۆستی چەندین ئەرکی هەواڵگری و قونسڵگەریی و سیاسیی وەرگرتووە، لەم بوارەدا و لەمیانی کارکردنی بۆ پتر لە چوار ساڵ لە ئێران شارەزاییەکی گرنگی دەربارەی کورد پەیداکردووە.

دوای ئەوەی هێزەکانی بەریتانیا لە ساڵی ١٩١٨ بە هاوکاریی شێخ مەحمود حەفید شاری سلێمانییان لە چنگ عوسمانییەکان رزگارکرد، شێخ مەحمود وەك حوکمداری سلێمانی و دەوروبەری دامەزرا و مێجەر نۆئێلیش وەك راوێژکاری ئەو. مس بێل دەڵێت: لەگەڵ گەیشتنی نۆئێل بۆ سلێمانی بە گەرمییەوە پێشوازیی لێکرا، هەر دوای ئەوەی دەستی بەکارکرد چەند فەرمانبەرێکی کوردی لە ناوچەکانی سلێمانی دامەزراند و بەپێی توانا فەرمانبەرە عەرەب و تورکەکانی گواستەوە و فەرمانبەرانی کوردستانی لە شوێن ئەوان دانا، هاوکات سەربازو ئەفسەرانی تورکی بۆ بەغدا گواستنەوە، هەر لەگەڵ گەیشتنیشی بۆ سلێمانی چەند هەنگاوێکی خێرای هەڵێنا بە هۆی برسێتیی دوای شەڕ، لەوانە هێنانی خۆراك و تۆوی دانەوێڵە و پێداویستییەکانی بازاڕ، هەروەها چەند هەنگاوێکی بەپەلەشی هاویشت بۆ نۆژەنکردنەوەی مزگەوتە گەورەکان لەسەر بودجەی حکومەتی بەریتانیا، چونکە ئەو کاتەی گەیشتە سلێمانی ئەو شارە لە وێرانە دەچوو، هەروەها بازرگانی و جوولەی بازاڕیش پەکی کەوتبوو.

مێجەر نۆئێل، هەروەکو ماکدۆل باسی دەکات کە پشتیوانی سەرەکی و خەمخۆری خواستەکانی کورد بووە، کاتێ لەگەڵ بەرپرسانی ئیدارەی بەریتانیا لە عێراق گفتوگۆی کردبوو دەربارەی سێ شێوازی دەوڵەتی کوردی، ئەو کاتەی کە کێشەی کورد لە کۆنگرەی ئاشتی خرابووە بەر باس، لەو بوارەدا چەندین بیرۆکەی گەڵاڵەکردبوو :

١- کوردستانی باشوور: سەنتەرەکەی سلێمانییە و هەردوو زێ و رەواندزو هەولێرو کەرکووك و کفری و خانەقین دەگرێتەوە.

٢- کوردستانی ناوەندی: سەنتەرەکەی موسڵە.

٣- کوردستانی خۆرئاوا: سەنتەرەکەی دیاربەکرە کە لە باکوورەوە درێژدەبێتەوە تا ئەو شوێنەی کە زۆرینەی دانیشتوانی کوردە، بەمەرجێ ئەو هەموو شێوانە پارێزگاریی و راوێژکاریی بەریتانیایان بۆ دابین بکرێت.

جا بۆ دڵنیابوون لە هەڵوێستی کوردو عەشیرەتەکانی لەهەمبەر دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی، نوئێڵ ساڵی ١٩١٩ بە یاوەریی کامەران و جەلادەت بەدرخان بۆ بەدواداچوونی راستییەکان گەشتێکی بە ناوچەکانی کوردستانی رۆژئاواو ناوەنددا کرد، بەڵام هێزێکی تورکی رێگای لێگرت و نەیهێشت ئەرکەکەی لەهەموو ناوچەکە تەواوبکات و داوای لە دەسەڵاتی بەریتانیا کرد کە بیگەڕێنێتەوە حەلەب. لەگەڵ ئەوەدا نۆئێل راپۆرتێکی بە ٧٧ لاپەڕە بە ناونیشانی ( رۆژانەی مێجەر نوئێل دەربارەی ئەرکێکی تایبەت لە کوردستان لە ١٤ی حوزەیران تاکو ٢١ی کانونی یەکەمی ١٩١٩) پێشکەش بە بەرپرسەکانی خۆی کرد کە



چەندین زانیاریی بەهاداری دەربارەی رەوشی سیاسیی کورد لەخۆگرتبوو، تێیدا هاتبوو: چەند زەحمەتییەکی کەم رووبەڕووی پێشنیارەکەی بەریتانیا دەبێتەوە تایبەت بە دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی و باسی ئەوەشی کردبوو کە بزووتنەوەی نەتەوەخوازیی کوردی زۆر بە هێزە، جەختیشی کردبۆوە کە هەمان رێوشوێن بگرنەبەر پەیوەست بەو ناوچانەی دەکەونە باکووری ویلایەتی موسڵ.

هەروەها لە یاداشتی رۆژانەیدا هاتبوو: (دەتوانرێت پاساوی مێژوویی بۆ سەربەخۆیی کوردی بهێنرێتەوە، زیاتر لەوەی کە ئەرمەن داوای دەکات، چونکە دوا شوێنەواری ئەرمەن لە سەدەی چواردەهەمەدا نەماوە، هەروەها نوێنەرانی ئەرمەنی بە چەواشەکردن تۆمەتبارکرد، ئاماژەشی بەوە کرد کە ئەگەر بیانەوێت ئەرمینیای گەورە دابمەزرێت (بەوەی ٤ ویلایەتی کوردی بخرێتە سەر)ئەوەش مانای وایە(١١٤٣٠٠٠) هاووڵاتی کورد لەلایەن کەمتر لە (١٤٣٠٠ ) ئەرمەنییەوە جوکمڕانیی دەکرێن. هەروەها لەگەڵ راپۆرتەکەشیدا نەخشەیەکی کوردستانی هاوپێچ کردبوو کە لەسەری نووسرابوو (ئەمە خاکی کوردانە و نابێت ئەرمەن داوای بکات)، لەبەر ئەو هەڵوێستە پشتیوانیکارانەی بۆ دەوڵەتی کوردی، هەندێ ناوەندی حوکمڕانی بەریتانیایی کە دژی پڕۆژەی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردی بوون، بە چاوی گومانەوە سەیریان دەکرد چونکە بووبووە لایەنگرێکی بەهێزی نەتەوەی کورد، بەتایبەتیش کاتێ ئەو بابەتە لە کۆبوونەوە فەرمییەکاندا دەخرایەڕوو، کاتێکیش لە کۆنگرەی قاهیرەدا دەربارەی چارەنووسی عێراق لە ئاداریساڵی ١٩٢١ گفتوگۆی دەربارە ئەنجام درا. تەنانەت هەندێکیان ترسیان لەو راوبۆچوونانەی مێجەر نۆئێل لێ نیشتیوو ئەوانەی باسی کوردستانیان دەکرد، بۆیە دەبینین کە جی بی هولەر راوێژکاری سیاسیی بەریتانی لە ئەستەنبوڵ دەربارەی ئەو دەڵێت: ئەو زۆر دەمارگیرە و دەترسم نۆئێل ببێتە لۆرانسی کورد و بە پەیامبەری کورد وەسفی کرد)

هەروەها سی جی ئەدمۆنز ئاماژەی بە هەڵوێستەکانی مێجەر نۆئێل کردووە بەوەی کە پشتگیریی لە نەتەوەی کورد دەکات و لەگەڵ دامەزراندنی دەوڵەتی کوردییە، کاتێ دەڵێت: ( نۆئێل بە هەموو توانایەکییەوە کۆششی دەکردتاکو سەید تەهاو سمکۆ و شێخ مەحمود بەیەکەوە کۆبکاتەوە بۆ ئەوەی کارێکی هاوبەش ئەنجام بدەن، بەڵام لە هەوڵەکانیدا شکستی هێنا ).

دوای ئەو هەموو شتانە، ئایا ئەو پیاوەی کە داکۆکیی لە کوردو کێشەکەی کردووە لە ناسکترین و وردترین هەڵوێستدا، چ لە ناو هۆڵەکانی وەزارەتی کۆلۆنیالیکراوەکان یان وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیادا، یاخود لەگەڵ کارمەندە سەرسەختەکانی بەغدا وەك ئانۆڵد ولسن، ولیەم ولکۆلس کە بە ( لۆرانسی کورد ) ناوزەدیان کردووە، ئایا شایانی ئەوە نییە شەقامێك یان باخچەیەکی کوردستانی بەناو بکرێت؟

# تا دوو دەیەی دیکە دەتوانین ببینە خاوەن ئابوورییەکی زیندوو



حوسێن کوردنەژاد

بۆ گوڵان نووسیویەتی

ئەوەی لە ئابووریی کوردستاندا رووی داوە لە رووی گرفتەکانەوە لە زۆر روویانەوە تازە نییە، لە رووی دەستکەوتەکانەوە زۆر هەنگاوی تازە هەڵێنراوە و کاری باش کراوە.

گرینگە کاتێك کە باسی ئابووریی وڵاتێك دەکەین مەبەستی خۆمان دیار بکەین، باسی سیاسەتی ئابووریی پەیڕەو کراو لەلایەن دەوڵەتەوە دەکەین؟ یان کردەی ئابووریی گشت کۆمەڵگە وەك ئابووریناس هایاك- کۆی کردەکان لەبەر چاو دەگرێت- و باسی لێوە دەکات.

دەستکەوتەکان زۆرن و لە ماوەی نزیك بە دوو دەیەی رابردوودا ناوچەیەکی مارجینال و داخراو و ژێر گوشاری جۆراوجۆر توانیویەتی خۆی بپارێزێت، گەشە بستێنێت و بوونێکی دیفاکتۆ بسەلمێنێت و بچەسپێنێت لە ناوچەیەکی پڕ لە قەیرانی وەك رۆژهەلاتی ناوەڕاستدا، ئەمە خۆی دەستکەوتێکی مێژووییە.

لەم ماوەیەدا بەتایبەت لە دوای ٢٠٠٣ەوە گۆڕانی بنەمایی گەورە لە کوردستاندا روویان داوە؛ ئۆربانیزاسیۆنێکی بەرچاو، گەشەی ژمارەی دانیشتووان بەگشتی و بەتایبەت گەشەی ژمارەی گەنجان، باری تەندروستی بە شێوەیەکی بەرچاو بەرەوپێشەوە چووە. وڵات بۆتە خاوەن ژێرخانێکی فیزیکی تا رادەیەکی باش، گرینگترین خاڵ بریتین لە پاراستنی ئاسایشی وڵات و جێگرتنی کوردستان لە سەر نەخشەی نەوت و وزەی جیهانیدا. کورتەی قسە ئەمەیە کە ئێستا بنەما و بناغەیەکمان هەیە کە بتوانین داهاتوویەکی لەسەر بنیاد بنێینەوە، بەڵام گرفتمان زۆرە کە بریتین لە کەمایەسییەکانی ستراکچرال و کەمایەسییەکانی سیاسەتی ئابووری.

● **گرفتە ساختاری و ستراکچرالەکان بریتین لە:**

● ستراکچەری کۆنەباوی پەروەردە، کە دەبێ گۆڕانی بنەڕەتی تێدا ئەنجام بدرێت، بە تایبەت بە پەرەپێدانی خوێندنی پیشەییەوە کە بتوانێ لانیکەم پەنجا تاکوو شەست لە سەدی خوێندکارانی پۆلی نۆ وەربگرێت. گرینگە بزانین کە ئەم خوێندنی پیشەییە دەبێ مۆدێرن و لە چەندین قۆناغدا بێت و لە هەر قۆناغیشدا رێگای پێوەندی لەگەڵ بازاڕی کاردا کراوە بێت، خوێندنی پیشەیی خۆی دەبێ بەشێکی ئینتیگرە بێ لەو پرۆژە ئابوورییانە کە باسیان لێوە دەکەین. ئەمە خۆی دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی باری سەرشانی زانکۆکان و هۆکارێك بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی خوێندن لە زانکۆکاندا. ئەوکات دەتوانین رێفۆرمی پێویست کە بریتییە لە دەستنیشانکردنی ژمارەی پێویست بۆ هەر خوێندنێك بەپێی پیشبینی نیازی بازاڕ دەستنیشان بکەین.

● ستراکچەری کۆنەباوی تەندروستی کە پێویستی بە پەرەپێدانی بنکەی تەندروستی و بەرزکردنەوەی کوالیتی خزمەتگوزاریی ئەم بنکانەوە هەیە، تاکوو بتوانن لانیکەم نەوەد لە سەدی نەخۆشییەکانی رۆژانەی خەڵك چارەسەر بکەن و باری سەرشانی نەخۆشخانە سەرەکییەکان کەم بکاتەوە، تاکوو مەجالی بەرزکردنەوەی پسپۆڕییان بۆ بڕەخسێت.

● نەبوون، یان لاوازبوونی کەرتی تایبەت کە لە راستیدا بەرپرسیاری سەرەکی و مێژوویی پەرەپێدانی لایەنی خواستە بۆ هێزی کاری خوێندەوار و پسپۆڕ لە ئابووریدا، گەورەترین کەمایەسی ئابووریی کوردستانە.

● وەك زۆرێك لە وڵاتانی تازە پێگەیشتوو هەبوونی مووچەخۆرێکی زۆر لە کەرتی گشتیدا گرفتە.

● ژمارەی هێزی کار و ئەوانەی دەگەنە تەمەنی کارکردن و لاوازیی کوالیتی ئەم هێزە یەك لە گرفت و تەحەددییاتی سەرەکی و ستراتیژیکی کۆمەڵگەی ئێمەیە.

ئەگەر بێتو بتوانین ئەوەی مانا و واتای سیاسەتی ئابوورییە – گواستنەوەی هێزی کار بۆ کاری بە بەرهەمهێنەرتر و بەرزکردنەوەی ئاستی کوالیتی ئەم هێزە تێکڕای یاساکانی پێوەندیدار- ئەنجام بدەین، کوردستان بەرەو داهاتوویەکی گەش هەنگاو دەنێت و لە دوو دەیەی داهاتوودا بۆ هەمیشە ماڵئاوایی لە هەژاری و دواکەوتوویی دەکەین، بەڵام چۆن ئەم ئەرکە بەجێ دەگەیەنین؟ گرینگە دەست لە سەر کەموکوڕییەکانمان دابنێین و لە واقیعدا بەرەو هەنگاونان بڕۆین.

● وڵاتی ئێمە وەك زۆربەی ئەو وڵاتانە کە تازە پێدەگەن خاوەن

بیرۆکراسییەکی کارامە نییە. کە وا بوو، ناتوانین زۆر پشت بە راپەڕاندنی کارەکان لە لایەن ئەم بیرۆکراسییەوە ببەستین، ئەمەش لەبەر لاوازی و نزمیی ئاستی سەرمایەی مرۆڤی وڵاتە، بەڵام لە نێو برۆکراسی وڵاتدا کەس و گروپی بەتوانا هەن، بۆیە کارەکانمان دەبێ بە —تاسك فۆرسەوە— ببەینە پێش و بەم جۆرە هەوڵ بدەین پرۆژە و بڕیاری تازە هەنگاو بە هەنگاو لە نێو برۆکراسیدا بڵاو کەینەوە .

● وڵاتی ئێمە خاوەن کەرتی تایبەت، یان هەر نییە، یان ئەگەر هەبێ، زۆر لاوازە، بۆیە گرینگە کە چەمکی- ئانترێپرێنۆێر - چالاکیی بازاڕ لە موناقەشات و ئەدەبییاتی ئابووریی خۆماندا جێگیر بکەینەوە. کە وابوو جارێ هەتا چەندین ساڵی دیکەش ناتوانین بۆ چارەسەری گرفتەکان پشت بە «کەرتی تایبەت» ببەستین.

● لە لایەکی دیکەوە بیرۆکراسیی لاوازیی دەوڵەت هۆکارێکی سەرەکییە کە دەوڵەت ناتوانێ گشت پرسەکان بە دەستی خۆی چارەسەر بکات. بۆیە هاوکاریی و بەشداریی دەوڵەت و چالاکانی بازاڕ هەر کام سەربەخۆیانە لە پرۆژە و کارەکاندا پێکرا، مەرجی سەرکەوتووبوونیانە.

● لە هەر شوێنێکدا لە پرۆسەی پلان کردن و ئەنجامدانی پرۆژەکاندا کە زانیمان شتێکمان پێ ناکرێت، یان لێی نازانین، دەتوانین ئاکتۆری بیانی بەشدار بکەین، جا چ زانست بێ، یان تەکنۆلۆژی، یان پێویستی بە سەرمایەی زیاتری دەرەکی.

● کارکردن بەم شێوەیە دەریدەخات کە پێویستی بە کۆئۆردیناسیۆن هەیە، ئەمەیان ئەرکی دەوڵەتە، بەڵام بە رێگای نەك وەزارەتێك لە وەزارەتەکانەوە، یان چەندین وەزارەتەوە، بەڵکوو لە رێگای بیرۆکراسییەکی تایبەت بە گەشەی ئابووریی وڵاتەوە کە هەم پشتیوانی باڵاترین دەستەڵاتی سیاسی وڵاتی هەبێ، هەمیش سیاسەت لە سەری پیادە و فەرز نەکرێت و رێگای پێبدرێت کە پرۆژەکان لە سەر بنەمای عەقل و مەنتیقی ئابووری دابڕێژرێن و ئیدارە بکرێن.

● ئەم بیرۆکراسییە ئەم ئەرکی کۆئۆردیناسیۆنەی لە پرۆسەیەکی کەشف، دۆزینەوە و موناقەشات لەگەڵ ئاکتۆرەکانی بازاڕدا بەڕێوەی دەبات. لەم پرۆسەیەدا دەوڵەت لە تواناکان وکۆسپ و کەمایەسییەکانی چالاکانی بازاڕ تێدەگات و بە هەمان شێوە چالاکانی بازاڕ لە توانا و گرفتەکانی دەوڵەت ئاگادار دەبنەوە. ئەم دیالۆگە رێگا دەکاتەوە بۆ دۆزینەوە چارەسەر بۆ گرفتەکان بە پرۆژەی هاوبەشەوە.

● موناقەشات لە پێوەندی لەگەڵ دەوری دەوڵەت لە ئابوورییدا زۆر بووە، بەڵام ئێستا کۆنسێنسوس و هاوفیکری هەیە کە دەوڵەت دەتوانێ دەوری کاریگەر بگێڕێت، بەتایبەت لە دوای تەجروبیاتی وڵاتانی سەرکەوتووی رۆژهەڵاتی ئاسیاوە، بەڵام مەرجە کە دەوڵەت دەخالەت بکات و هاوکار بێت تەنیا و تەنیا لە پرۆژە و کاری تازە بە نیسبەت وڵاتەوە نەك لە پرۆژەی کۆپی و دووبارەدا.

کە بەم چەشنە بیر لە سیاسەتی ئابووریی و گەشەپێدانی وڵات بکەینەوە دەبینین کە جێگا بۆ ئەنواعی پلانی ستراتێژیکی پرشنگداری گەشەی ئابووریی نامێنێت. لە بیرمان بێ کە زۆربەی پلانە پێشنیارکراوەکان جا چ لە لایەن ئای ئێم ئێف بێ، یان لە لایەن بانکی نێودەوڵەتی بەردەوامیی هەمان خاڵەکان و نموونەی تەفاهومی واشینگتۆنن. سروشتی ئەم خاڵانە -پریزامپتیف-ن بەم واتایە کە کە پێشاوپێش دەزانین کەمایەسیی بازاڕ و ئابووری چییە و ئەگەر بێتو هێند هەنگاوان هەڵبێنین، نەتیجەیەکی دیارمان دەست دەکەوێت. تاکوو ئێستا تەجروبیات سەرکەوتوو نەبووە لە پیادەکردنی ئەم جۆرە پلانانەدا.

مۆدێلێك بۆ کار کە لە سەرەوەدا باسی لێوە کرا لە جەوهەری خۆیدا مۆدێلێکی- دیاگنۆستیك -ە، بەم واتایە کە ئێمە پێشاوپێش نازانین گرفتی بازاڕ چییە و بۆ کار ناکرێت؟ بۆیە لە پرۆسەیەکی دیالۆگ و بە دواداچووندا کەمایەسی و کۆسپ دەستنیشان دەکەین، لە وڵاتێکی کۆنکرێتدا و لە کات و ساتێکی کۆنکرێتدا.

گشت ئەو خاڵانە کە پێویستن و ناسنامەی ئابوورییەکی زیندوو و مۆدێڕن و کاریگەرن هەنگاو بە هەنگاو لە پرۆژەکانی خۆماندا جێگیریان دەکەین و لە ئاستی ئابووری و ئیدارەی سەرانسەریی وڵاتدا بڵاویان دەکەینەوە؛ وەك ستراکچەری مووچە، عەقدی دامەزران، عەقدی هاوکاریی نێوان کۆمپانیاکان، دامەزراندنی شەریکاتی سەر بە کەرتی گشتی بە مەبەستی گواستنەوەی هێزی کاری حکوومی بۆ نێو ئەم شەریکاتانە، رێکخستنەوەی یاساکان و ....تاد.

**● ئەوەی نابێ بیکەین**

بە گوێرەی مەنتیق و شێوەی بیرکردنەوەی سەرەوە بریتییە لەوەی کە نابێ پلان و پرۆژە لە لایەن بیانییەکانەوە بنووسرێن، دابڕێژرێن و پیادە بکرێن، بەڵکوو گشت پرۆژەکان دەبێ دەرئەنجامی پرۆسەی هاوکاریی نێوخۆیی خۆمان بن، ئەگەر شتێکمان نەزانی ئەوکات یارمەتی بیانییەکان وەربگرین، بەم جۆرە سیاسەتی گەشەی ئابووریی دەبێتە بەرهەمێکی خۆماڵی. هەروەها نابێ خزمەتگوزاریی گشتی بۆ ئیدارەی شارەکان و خەڵکی خۆمان بدەینە دەست «کەرتی تایبەتەوە» لە دەورانی یەلتسین لە رووسیادا بە پێشنیاری راوێژکارانی دەرەکی ئەم کارە کرا، نەتیجەی بوو بە بەتاڵان بردنی سامانی دەوڵەت و دابەزین و خەراپی ئاستی خزمەتگوزارییەکان، کە لە دواییدا پۆتین مەجبوور بوو بە زۆر بەشێکیان سەرکوت بکات و هێندێك سامان بگەڕێنێتەوە بۆ دەوڵەت. بۆیە بەرنامەی خسووسیسازیی دەوڵەت بەرنامەیەکی نەگونجاوە.

لە کۆتاییدا دەبێ بڵێین ئامانجی سەرەکیی بەڕێوەبردنی ئابووریی وڵات بریتی دەبێت لە بەرزکردنەوەی لایەنی خواست لە بازاڕدا بە رێگای بنیادنان و گەشەی کەرتی تایبەتەوە. مەرجی سەرکەوتن لەو ئەرکەشدا بریتییە لە کراوەبوونی مەیدانی ژیانی ئابووری و سیاسی بۆ بەشداریی گشت چالاکێکی بازاڕ و لە سیاسەتدا گشت لایەنێکی موتەعەهید بە پاراستنی سیادەی کوردی.

**ئامانجی سەرەکیی بەڕێوەبردنی ئابووریی وڵات بریتی دەبێت لە بەرزکردنەوەی لایەنی خواست لە بازاڕدا بە رێگای بنیادنان و گەشەی کەرتی تایبەتەوە. مەرجی سەرکەوتن لەو ئەرکەشدا بریتییە لە کراوەبوونی مەیدانی ژیانی ئابووری و سیاسی بۆ بەشداریی گشت چالاکێکی بازاڕ و لە سیاسەتدا گشت لایەنێکی موتەعەهید بە پاراستنی سیادەی کوردی**

**نابێ پلان و پرۆژە لە لایەن بیانییەکانەوە بنووسرێن، دابڕێژرێن و پیادە بکرێن، بەڵکوو گشت پرۆژەکان دەبێ دەرئەنجامی پرۆسەی هاوکاریی نێوخۆیی خۆمان بن، ئەگەر شتێکمان نەزانی ئەوکات یارمەتی بیانییەکان وەربگرین، بەم جۆرە سیاسەتی گەشەی ئابووریی دەبێتە بەرهەمێکی خۆماڵی**

**لە هەر شوێنێکدا لە پرۆسەی پلان کردن و ئەنجامدانی پرۆژەکاندا کە زانیمان شتێکمان پێ ناکرێت، یان لێی نازانین، دەتوانین ئاکتۆری بیانی بەشدار بکەین، جا چ زانست بێ، یان تەکنۆلۆژی، یان پێویستی بە سەرمایەی زیاتری دەرەکی**